PAY INSTITUTE
For Education & Development

# راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی
# خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

## را پۆرتی دووەم
## دەنگدانی گشتی
## ٣٠– ئەیلولی ٢٠١٨

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
**PAY**

# را پۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

## راپۆرتی دووەم

## دەنگدانی گشتی

## ٣٠- ئەیلولی ٢٠١٨


ستاف کار

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

**بابان جەعفەر حەمە**

**ئاریز دارا حەفید**

**م.ساکار عەزیز رشید**

**ئارام سەردار عومەر**

**میران حسین حسن**

**شەهێن حسین عبدالله**

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**



ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە .




**ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم –تەلاری کوردستان مۆڵ**

**تەلەفۆن:** ٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦ – ٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣

**ئیمەیل:** payinstitute@gmail.com / sarwary74@yahoo.com -

**فەیسبوک:** facebook.com/pay-institute

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.payied.org

**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان -٢٠١٨**

# ناوەڕۆك


پێشەكی ................................................................ ٥
هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان ........................................ ٦
پرۆسەی دەنگدانی گشتی ........................................ ٨
یەكەم: گرفتانەكانی بەرلە پرۆسەی دەنگدان ........................................ ١١
ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بە پەرلەمانەوە ........................................ ١١
ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بە حكومەتەوە ........................................ ١١
ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بەقەوارە سیاسیەكانەوە ........................................ ١٢
ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بەكۆمسیۆنەوە ........................................ ١٢
دووەم: پێشێلكارییەكانی ڕۆژی دەنگدان ........................................ ١٥
پێشێلكاری قەوارەكان ........................................ ١٥
پێشێلكاری هێزە ئەمنیەكان ........................................ ١٥
كەموكوڕییەكانی كۆمسیۆن: ........................................ ١٨
ڕێگەكانی ساختەكاری: ........................................ ١٩
ڕاگەیاندنی ٨٥٪ی دەنگەكان: ........................................ ٢٧
وادەی یاسایی ڕاگەیاندنی ئەنجامەكان پێشێلكرا: ........................................ ٢٩
سكاڵاكان ........................................ ٣٤
ئەوانەی دەڵێن ساختەكاری كراوە كێن ........................................ ٣٩
ئەنجام ........................................ ٥٢
ڕاسپاردەكان ........................................ ٥٤
پاشكۆكان ........................................ ٥٥

# روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

www.payied.org

روانگەی پەی ، ماوەی (٢) ساڵە کار دەکات، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەر، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زانیاری لەسەر سێ خولی پێشووی پەرلەمان بڵاوکردۆتەوە، هەر لە سەرجەم (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی، یاساکان، بڕیارەکان، لیژنە کاتیەکان و هەمیشەییەکان) .

لەسەر ئاستی خولی چوارەیش (٢٠١٣– ٢٠١٨) (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، فراکسیۆنەکان، لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنە کاتییەکان، یاساو بڕیارەکان، بەرنامەی کار، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڤیدیۆی سەرجەم دانیشتنەکان، هەواڵی پەیوەست بە پەرلەمان، ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنەکان، لیستێکی پەیوەندی بە ئەندامانی پەرلەمانەوە) جگە لە چەند بەشێکی تری وە( پەرلەمانی کوردستان لە میدیاکاندا، پەرلەمان بە ئینفۆگرافیک، بڵاوکراوە دەربارەی کاری پەرلەمان، بڵاوکراوەکانی پەرلەمان، بیروڕا لەسەر پەرلەمان، لەهەمان کاتدا گرنگی بەهەواڵی لیژنەکان و فراکسیۆنەکانیش دەدرێت بە مەرجێك هەواڵەکە پەیوەندیدار بێت بەکاری دانانی یاسا و چاودێری دامەزراوە گشتیەکانەوە.

هەر لە روانگەی پەی سەرجەم راپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان و سەرجەم ئەو پرۆژانەی تر بڵاوکراونەتەوە کە ئینستتیوتی پەی کاری لەسەر کروون ، پاش تەواو کردنی تەواوی بەشی عەرەبی ماڵپەرەکە لە داهاتوودا کار دەکرێت بۆ زیادکردنی زمانی ئینگلیزی .

لەگەڵ دەستپێکردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانیش پرژەی چاودێری پەرلەمان بەردەوام دەبێت و چەندین گۆرانکاری لە پرۆژەکەدا دەکرێت .

# پێشەكی

دوای ساڵێك لەدواخستنی هەڵبژاردن، ڕۆژی ٣٠ ئەیلولی ٢٠١٨ هەڵبژاردنی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان بەڕێوەچوو، ئێمە لە ئینستتیوتی پەی لەسەرتای ساڵی (٢٠١٨) ڕاپۆرتێكی پشت بەست بە زانیاری و بەڵگەمان لەسەر تۆماری دەنگدەران بڵاوكردەوە و گرفتەكانی ئەو تۆمارە و ڕێگە چارەكانمان دەستنیشان كرد، لە ڕاسپاردەكانی ڕاپۆرتەكە داوامان كرد هێزە بەشدارەكانی ناو پرۆسەكە لە هەموو هەولێكیان لەپێناو هەڵبژاردنێكی پاك و بێگەرد بێتو ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەر بگیرێت، و داواشمان لە كۆمسیاران كرد ئەو ئەركە مێژووییەی سەرشانیان بە هۆشیارییەكی زۆر و بە یاسایی و ڕێنمایی ئەنجام بدەن، بەڵام نە پەرلەمان و نە كۆمسیۆن و نە پارتە سیاسییەكانیش لەئاست قۆناغەكەدا نەبوون، پەرلەمان بەهۆی كەمتەرخەمییەوە، پارتە سیاسییەكان لە بەرنەبوونی ئازایەتی سیاسی و داهاتوو نەبینین و كورت خوێندنەوەیان لەمەترسی قۆناغەكە، چوونە ئەو هەڵبژاردنەوە كە ئێستا هەموان ئەنجامەكەی دەبینین و تێكراش لایەنە سیاسیەكان نارازین! كە ئەمەیان هەم جێگەی گاڵتەجاڕی و هەم جێگەی پرسیارە؟ چونكە نوێنەری پێنج لایەنی سیاسی خاوەن زۆرترین كورسی پەرلەمانی هەڵبژاردنەكەیان ئەنجامداوە، كۆمسیۆنیش لەلایەكەوە بەهۆی كاریگەریی هەژموونی حزبی بەسەریەوەو لەلایەكی تریشەوە بەهۆی كەم ئەزموونی هەندێك لە كۆمسیاران و گوێ نەگرتنیان بوون بە بەشێك لە پرۆسەیەكی پڕ ساختەكاری.

ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستان دووەم (ڕاپۆرتی ئینستتیوتی پەی )ە لەسەر هەڵبژاردنی (٣٠– ئەیلولی٢٠١٨)، لە ڕاپۆتەكەدا كاركراوە لەسەر ( هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، پرۆسەی دەنگدانی گشتی، گرفتانەكانی بەرلەپرۆسەی دەنگدان كە پەیوەندیداربوون بە( پەرلەمان، حكومەت، كۆمسیۆن)، هەروەها باس لە پێشێلكارییەكانی ڕۆژی دەنگدان كراوە كە تایبەت بوو بە( قەوارەكان، هێزە ئەمنیەكان، كۆمسیۆن)، پاشان ئاماژەدراوە بەرێگەكانی ساختەكاری، سەرنج لەسەر ڕاگەیاندنی ٨٥٪ی دەنگەكان، وادەی یاسایی ڕاگەیاندنی ئەنجامەكان، سكاڵاكان و دواتریش سەرنجەكانمان سەبارەت بە ١٠٠٪ ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەكان.

.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٣٠ /١٠/٢٠١٨**

## هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی مادەی (٥١) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان بکرێت، خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٣/٩/٢١) ئەنجامدرابوو، بەڵام ئەوسا بەهۆی کێشەو ململانێکانەوە پەرلەمان یەکەم دانیشتنی بەمەبەستی سوێندخواردنی ئەندامان لە (٢٠١٣/١١/٦) ئەنجامدا و دەستەی سەرۆکایەتیشی لە (٢٠١٤/٤/٢٩) هەڵبژارد. بەپێی یاسا دەبوایە لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ئەنجام بدرێت، بەڵام دیسانەوە بەهۆی ململانێی لایەنە سیاسیەکانەوە هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا ئەنجام نەدراو لە ڕۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) بەزۆرینەی دەنگ (٦٠ دەنگ لەکۆی ٧١ پەرلەمانتار)، بڕیاردرا ماوەی کارکردنی پەرلەمان بۆ دوو خولی گرێدانی پەرلەمانی درێژ بکرێتەوە.

ئەوەبوو دواجار ڕۆژی (٢٠١٨/٥/٨) سەرۆکی حکومەت بەپێی ئەودەسەڵاتەی بۆی دیاریکراوە ڕۆژی (٢٠١٨/٩/٣٠)ی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەستنیشانکرد.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمسیۆن ڕێکارەکانی گرتەبەر، بەمەبەستی بەشداریکردن لە ٢٠١٨/٦/١٠ لە ڕاگەیەنراوێکدا بڕیاری پەسەندکردنی (٣٨) قەوارەو ڕەتکردنەوەی (٣) قەوارەی ڕاگەیاند. دواتر لە ٢٠١٨/٧/١٦ کۆمسیۆن تیروپشکی بۆ قەوارەو هاوپەیمانەتیەکان کرد و لەئەنجامدا (٢٩) قەوارەو هاوپەیمانیەتی بۆ بەشداری هەلبژاردن ژمارەیان بۆ دەستنیشانکرا.

شایانی باسە قەوارەی (تەڤگەری ئازادی کۆمەلگەی کوردستان) داواکاری پێشکەش بە کۆمسیۆن کردبوو بۆ بەشداری لە هەلبژاردنەکەو لە ڕۆژی ٢٠١٨/٦/١٠ دا ناوی قەوارەکە بە ژمارە (٢٣) پەسەندکرابوو، بەڵام دواتر کێشەی بۆ دروساکراو ڕێگری لێکرا بەشداری هەڵبژاردنەکە بکات.

ناو و ژمارەی پەسەندکراوی قەوارەو هاوپەیمانیەتیەکانیش بەم جۆرە بوو:

| ژ | ناوی لیست | ژمارەی لیست | جۆری کورسی |
|---|---|---|---|
| 1 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٠٥ | کورسی گشتی |
| 2 | بەرەو ئیصلاح | ١١٩ | کورسی گشتی |
| 3 | لیستی سەردەم | ١٢٧ | کورسی گشتی |
| 4 | جولانەوەی نەوەی نوێ | ١٣٤ | کورسی گشتی |
| 5 | بزوتنەوەی گۆران | ١٤٨ | کورسی گشتی |
| 6 | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٥٦ | کورسی گشتی |
| 7 | ئازادی | ١٦٤ | کورسی گشتی |
| 8 | هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری | ١٧٢ | کورسی گشتی |
| 9 | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٨٣ | کورسی گشتی |
| 10 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٩٤ | کورسی گشتی |
| 11 | لیستی تورکمانی دیموکراتی | ٢٠٣ | پیکهاتەی تورکمان |
| 12 | پارتی گەشەپێدانی تورکمان | ٢١٥ | پیکهاتەی تورکمان |
| 13 | لیستی میللەت | ٢٢٤ | پیکهاتەی تورکمان |
| 14 | هاوپەیمانی تورکمانی هەولێر | ٢٣٩ | پیکهاتەی تورکمان |
| 15 | بزوتنەوەی بروسکەی تورکمانی(یلدرم) | ٢٤٦ | پیکهاتەی تورکمان |
| 16 | پارتی چاکسازی تورکمانی | ٢٥٨ | پیکهاتەی تورکمان |
| 17 | پارتی تورکمانی هەولێر | ٢٦٧ | پیکهاتەی تورکمان |
| 18 | لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی | ٢٧٢ | پیکهاتەی تورکمان |
| 19 | لیستی رافیدین | ٣٠٦ | پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری |
| 20 | ابناو النهرین | ٣١٧ | پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری |
| 21 | مجلس الشعبی الکلدانی السریانی الاشوری | ٣٤٤ | پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری |
| 22 | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٣٦٨ | پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری |
| 23 | لیستی دیموکراتی مەسیحی | ٣٨٤ | پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری |
| 24 | نوبار سیپان غەریب | ٤٠٨ | پێکهاتەی ئەرمەن |
| 25 | ادکار هاکوب | ٤٢٣ | پێکهاتەی ئەرمەن |
| 26 | ئارام بوزو حمو | ٤٥٢ | پێکهاتەی ئەرمەن |
| 27 | مراد ماردروس وارتان | ٤٧٦ | پێکهاتەی ئەرمەن |
| 28 | یروانت نیسان مارکوس | ٤٨٩ | پێکهاتەی ئەرمەن |
| 29 | فاهیك کمال سرانیان | ٤٩٧ | پێکهاتەی ئەرمەن |

## پرۆسەی دەنگدانی گشتی

لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەماندا کە یەکەم هەڵبژاردنە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ئەنجامی دەدات، کۆمسیۆن کۆمەڵێك پەیرەو و ڕێکاری تایبەت بە هەڵبژاردنی دەرکرد. لەوانە:

١-پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنە ڕووی تانەکان ژمارە(١) ساڵی ٢٠١٨

٢-پەیرەوی پەسەندکردنی قەوارە و هاوپەیمانیە سیاسیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨

٣-پەیرەوی سکاڵا و تانەکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨

٤-پەیرەوی بریکارانی قەوارەی سیاسیەکان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨

٥-پەیرەوی چاودێرانی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان_ عێراق ژمارە(٥ )ساڵی ٢٠١٨

٦-پەیرەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠١٨

٧-پەیرەوی پەسندکردنی لیستی پاڵێوراوان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٨

٨-پەیرەوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵبژاردن ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٨

٩-پەیرەوی دەنگدان و لەیەك جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان ژمارە (٩) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠

١٠-پەیرەوی ژمارە (١٠) دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ساڵی ٢٠١٨

بەپێی ئەو تۆمارەی کە کۆمسیۆن رایگەیاندبوو .

بەپێی داتاکانی کۆمسیۆن، ژمارەی بنکەو وێستگەکانی دەنگدان لە هەرچوار پارێزگای هەرێمدا بەم شێوەیە دابەش بوون:

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**
**فەرمانگەی داتـــا**
**خشتەی بنکە و وێستگەکانی دەنگدان**
**هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 30 / 9 / 2018**

| هێمای پارێزگا | پارێزگا | دەنگدانی تایبەت – ڕۆژی هەینی 28 / 9 / 2018: ژمارەی بنکە | ژمارەی وێستگە | ژمارەی دەنگدەر | دەنگدانی گشتی – ڕۆژی یەکشەممە 30 / 9 / 2018: ژمارەی بنکە | ژمارەی وێستگە | ژمارەی دەنگدەر | کۆی گشتی: ژمارەی بنکە | ژمارەی وێستگە | ژمارەی دەنگدەران |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | هەولێر | 41 | 201 | 72,653 | 499 | 2,142 | 1,036,419 | 540 | 2,343 | 1,109,072 |
| 6 | سلێمانی | 37 | 172 | 62,220 | 476 | 2,306 | 1,134,760 | 513 | 2,478 | 1,196,980 |
| 4 | دهۆک | 20 | 92 | 33,421 | 257 | 1,361 | 677,797 | 277 | 1,453 | 711,218 |
| 7 | هەڵەبجە | 1 | 6 | 2,175 | 28 | 132 | 66,016 | 29 | 138 | 68,191 |
| کۆی گشتی | | 99 | 471 | 170,469 | 1,260 | 5,941 | 2,914,992 | 1,359 | 6,412 | 3,085,461 |

ژمارەی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٨/٩/٣٠ ی پەرلەمانی کوردستان

| ژ | پارێزگا | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشداربوان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 1.036.419 | 607.083 | 58.58 |
| ٢ | سلێمانی | 1.134.760 | 623.028 | 54.90 |
| ٣ | دهۆك | 677.797 | 419.351 | 61.87 |
| ٤ | هەڵەبجە | 66.016 | 40.203 | 60.90 |
| کۆی گشتی | | 2.914.992 | 1.689.665 | 57.96 |

ڕێژەی بەشدار بوون (تایبەت و گشتی) بەم شێوەیە بوو:

| ژ | پارێزگا | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشداربوان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 1.109.072 | 674.496 | 60.82 |
| ٢ | سلێمانی | 1.196.980 | 678.608 | 56.69 |
| ٣ | دهۆك | 711.218 | 450.645 | 63.36 |
| ٤ | هەڵەبجە | 68.191 | 42.230 | 61.93 |
| کۆی گشتی | | 3.085.461 | 1.845.979 | 59.83 |

کاتژمێر هەشت بنکەکانی دەنگدان بەڕووی هاووڵاتیاندا کرانەوە کە سێ ملیۆن و ٨٥ هەزار و ٤٦١ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو و لەو ڕێژەیەش ١٧٠ هەزار و ٤٦٩ کەس مافی دەنگدانیان لە دەنگدانی تایبەتدا هەبوو. نزیکەی دوو ملیۆن و ٩١٥ هەزار کەسیش مافی دەنگدانیان لە دەنگدانی گشتییدا هەبوو.

زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو دەکەوتنە سنوری پارێزگای سلێمانییەوە کە ژمارەیان ملیۆنێك و ١٩٦ هەزار و ٩٨٠ کەس بوو و بەسەر (٢،٤٧٨) وێستگەدا دابەشکرابوون. لە پارێزگای هەولێر ملیۆنێك و ١٠٩ هەزار و ٧٢ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو کە بەسەر (٢،٣٤٣) وێستگەدا دابەشکرابوون.

ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای دهۆك ٧١١ هەزار و ٢١٨ کەس بوو کە بەسەر (١،٤٥٣) وێستگەدا دابەشکرابوون و لە پارێزگای هەڵەبجەش ٦٨ هەزار و ١٩١ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو و (١٣٨) وێستگەیان بۆ تەرخانکرابوو. بەپێی ئامارەکان.

لەم هەڵبژاردنەدا ٢٩ لیست و هاوپەیمانیی بە ٧٧٣ پاڵێوراوەوە کە ٥٣٢ یان پیاون و ٢٤١یان ژن بوون، کێبڕکێیان لەسەر ١١١ کورسی پەرلەمان کرد. لەنێویاندا ٧٠٨ پاڵێوراو کێبڕکێیان لەسەر ١٠٠ کورسی گشتی دەکرد. بەپێی سیستمی هەڵبژاردن، ١١ کورسی بۆ پێکهاتەکان کە پێنجیان بۆ مەسیحی و پێنجیان بۆ تورکمان و کورسییەکیشیان بۆ ئەرمەنەکان تەرخانکراوە. لەم هەڵبژاردنەدا ١٨ قەوارە بە ٦٥ کاندیدەوە کێبڕکێیان لەسەر ١١کورسی پێکهاتەکان کرد. لەنێویاندا ٣٦ پاڵێوراوی تورکمان و ٢٣ پاڵێوراوی کلدان سریان ئاشور و ٦ پاڵێوراویش ئەرمەن بوون.

هەڵبژاردنی پێنجەم خولی پەرلەمانی کوردستان بە لیستی نیمچە کراوە بەڕێوەچوو و بەپێی ئەو سیستمە دەنگدەران دەیانتوانی دەنگ بە قەوارە و کاندیدەکانیش بدەن یان تەنها دەنگ بە قەوارەکان بدەن، بەڵام

نەیاندەتوانی تەنها دەنگ بە کاندید بدەن و بە قەوارەی نەدەن. هەر بەپێی سیستەمەکە، هەڵبـژاردن بـە شـێوەی یـەك بازنەیی بەڕێوەچوو. واتە دەنگدەران لە هەر چـوار پارێزگاکـەوە دەیـانتوانی دەنـگ بـە کاندیـدی لیسـت و قـەوارەکان بدەن و قەوارەکانیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردسـتان یـەك لیسـتی کاندیـدیان هـەبوو. هەڵبژاردنەکـە وەك پێویسـت بەڕێوە نەدەچوو، هەم قەرواره سیاسـیەکان لەیـەکتری لـە گومـان بـوون و هـەم کۆمسـیۆنیش وەك پێویسـت نـەبوو و ئەدای کارکردنی لاواز بوو، هەر بۆیە کۆمەڵێك گیروگرفت رووبەرووی هەڵبژاردنەکە بوویـەوە، دەکرێـت لێـرەدا گرفـت و لاوازییەکان پۆلین بکرێن:

## یەکەم:
## ئەو گرفتانەی بەر لە پرۆسەی دەنگدان هەبوون

### یەکەم: ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بە پەرلەمانەوە:

١-کۆمسیۆن بەپێی مادەی ژمارە (٣)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی تەنها لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارەو تەنها پەرلەمان دەتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، بەڵام پەرلەمان خەمسارد بوو لەبەرامبەر کۆمسیۆن و نە کارئاسانی بۆ کردن لە گیروگرفتەکانیان و نە لێپێچینەوەشی لەگەڵ کردن لە کەموکورِی و پێشێلکارییەکانیان و چاودێریی پێویستی کۆمسیۆنی نەکرد.

٢-لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە چەندین جار یاداشت بۆ کۆمسیۆن ناردراوە بەمەبەستی بەدواداچوونی ئەرکەکانیان، بەڵام کۆمسیۆن بێ وەڵام بووە و یاداشتی ئەندامانی پەرلەمانی بەهەند وەرنەدەگرت.

٣-لە کۆبوونەوەکانی (٢٠١٨/١/٢٣) و (٢٠١٨/٢/٧)دا لەگەڵ لیژنەی کاروباری پەرلەماندا کۆمسیۆن بەڵێنی ئەوەی دا کە وێنەیەك لە تۆماری دەنگدەران بەمەبەستی بەدواداچوون لەسەر (CD) بدات بە سەرجەم ئەندامان، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو تۆمارەی پێنەدان و پەرلەمان و پەرلەمانتارانیش بێدەنگ بوون و تۆمارەکەش بە پڕ لەخەوشی بەڕێکرا. [1]

٤-چەند جارێك ئەندامان داوای بانگهێشتی کۆمسیۆنیان کردووە بۆ پەرلەمان، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم رێکارەی جێبەجێ نەکرد، تا لە رۆژی (٢٠١٨/٧/٩) کەتەنها دوو مانگ و بیست رۆژی مابوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، پەرلەمان میوانداری کۆمسیۆنی کرد بۆ نێو پەرلەمان بۆ رونکردنەوە لەسەر ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن و پاككردنەوەی تۆماری دەنگدەران، ئەوکاتەش درەنگ بوو بۆ پاك کردنەوەی تۆمارەکەو بەسەری رانەدەگەیشتن،لەگەڵ ئەوەشدا لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمسیۆن وەڵامی پێویستی نەبوو بۆ پەرلەمانتاران، و بەڵێنەکەشی لەبارەی ناردنی تۆمار لەسەر (CD)بۆ پەرلەمان نەبردە سەر و دواتریش پەرلەمان لەبەرامبەر ئەو بێ بەڵێنیەی کۆمسیۆن بێهەڵوێست بوو.

٥-چارەسەرنەکردنی یاساکانی تایبەت و پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەکانەوەو هەموارنەکردنەوەیان و هاوتانەکردن و رێکنەخستنیان.

### دووەم: ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بە حکومەتەوە:

١-حکومەت و تەداخولی لە کارەکانی کۆمسیۆندا دەکرد و ئەمەش پێچەوانەی پرەنسیپەکانی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان بوو.

٢-حکومەت (دامودەزگا پەیوەندارەکان) وەك پێویست هاوکاری کۆمسیۆن نەبوون لە پێدانی داتاو زانیاری و کار ئاسانی.

---

(1) http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=article&id=23748&l=3

٣-دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کە تایبەت بوو بە پرسی هەڵبژاردنەوە بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٧ ی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم دراوە بە سەرۆکی حکومەت، بەڵام سەرۆکی حکومەت کەم تەرخەمی لە ئەرکەکەی کرد.

٤-لەکاتی خۆیدا بودجەی پێویست بۆ هەڵبژاردنەکە تەرخان نەکرا.

٥-وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگەو ئەنجومەنی ئاسایش هاوکاری پێویست نەبوون لە پێدانی ناوەکانی دەنگدانی تایبەت بە کۆمسیۆن بەمەبەستی جیاکردنەوەیان لە دەنگدەری گشتی و ئامادەکردنی تۆمارێکی پوخت بۆ دەنگدەری تایبەت.

## سێیەم: ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بە قەوارە سیاسیەکانەوە:

١-دەزگای هەڵبژاردنی حزبەکان وەك پێویست نەبوون، هاوتەریب لەگەل کۆمسیۆندا وەك پێویست لەسەر خەت نەبوون، لەکاتی دەرچوونی بڕیار و پەیڕەوەکانی کۆمسیۆندا کەمترین تێبینی و ڕەخنەیان هەبوو، دواتر کە بەدڵیان نەبوایە ئینجا لە ڕاگەیاندنەکاندا قسەیان لەسەر دەکرد نەك بەفەرمی و یاداشت و تانەلێدان.

٢-هەموو لایەنە سیاسیەکان دەیانویست هەڵبژاردنی پەرلەمان دوابخرێت بەڵام بووبون بە دوو گروپ گروپێك کە مەرجی بۆ داوخستی هەڵبژاردن هەلگرتنی بەرپرسیاریەتی بوو لەم حکومەتی ئێستا، گروپێك داوای دواخستنی هەڵبژاردنی دەکرد لەبەر چەند هۆیەك کە لەماوی ساڵی رابردوو دەیانتوانی لە ڕێگەی کۆمسیۆنەوە ئەو کارانە بکەن لەنموونەی (ئامادەکردنی تۆمارێکی خاوێن، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و پارێزگاکان بەیەکەوە)، ئەم ململانێیەش کاریگەری خراپی کردە سەر ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن. لەکۆتاییەکانیشدا هەندێکیان دەیانوت دەزانین تەزویر دەکریت بەڵام ناچارین بەشداری بکەین.[1]

٣-لایەنە سیاسیەکان لەنێوخۆیاندا لەململانێدابوون، بەحوکمی ئەوەی کۆمسیۆنیش لەسەر پشکی حزبەکان دروستکرابوو و تەنها بەناو سەربەخۆ بوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی بەسەر کۆمسیارەکانەوە هەبوو لە کۆمسیۆندا.

٤-لەبەشێك لە بنکەکانی دەنگداندا قەوارەکان خۆیان چاودێریان نەبوو بۆ ئەوەی چاودێری بەڕێوەچوونی هەلبژاردنەکە بکەن.

## چوارەم: ئەو گرفتانەی پەیوەندیدارن بە کۆمسیۆنەوە:

١-کۆمسیۆن کەوتبووە ژێر هەژموونی حزبیەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر ئیش و کارەکانی کۆمسیۆن هەبوو.

٢-کۆمسیۆن نەیتوانی کاتی پێویست بۆ هەڵبژاردنەکان و بەجێگەیاندنی ڕێکارەکانی دەستنیشان و پەسەند بکات، جارێك (٣) مانگ و جارێکی تر (٤) مانگ بۆ هەلبژاردن دەستنیشانکرا، هەردوو جار لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەستنیشانکراو کۆمسیۆن هیچ رایەکی لەسەری دەر نەبڕی جگە لە ڕەزامەندی.

٣-کۆمسیۆن وەك پێویست نەیتوانی بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات و چەند بڕیارێکی خۆی پاشگەز بووەوە یا گۆرانی بەسەریاندا هێنا. بۆ نموونە وەك:

---

(1) http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/

-دەنگدان تەنها بە رەگەزنامە کە بەپێی یاساو بە بڕیار ڕایگەیاندبوو بەلام لەکاتی دەنگدانی تایبەتدا لە هەندێك لە بنکەکاندا بە جۆرەها پسولەی تر دەنگدراوە.

-دەنگدان بە رەگەزنامە و باری کەسێتی کە لەشەوی هەڵبژاردنی گشتیدا ڕایگەیاند.

-قەدەغەکردن و بەکارنەهێنانی مۆبایل و وێنەگرتن.

-کارکردن بە سیستەم و سێرڤسی واتسەپ.

٤-کۆمسیۆن نەیتوانی خشتەی کار (تایم تێبل)ی لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکات، چەندان جار گۆڕانی بەسەر ئەو وادانەدا هێنا کە خۆی دەستنیشانی کردبوو، بۆ نمونە:

-وادەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی دواخست.

-وادەی تۆماری هاوپەیمانیەتیەکانی دواخست.

-وادەی تۆمارکردنی قەوارەی دواخست.

-وادەی تۆمارکردنی لیستی کاندیدانی دواخست.

-وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی دواخست.

٥-کۆمسیۆن نەیتوانی تۆماری دەنگدەران پاك بکاتەوە.

کۆمسیۆن بڕیاری دابوو تۆماری دەنگدەران پاك بکاتەوە، بەڵام ئەو بەڵێنەی جێبەجێنەکرد، هەرچەندە ئەو تۆمارەی پێشتر کە نزیکەی (٩٠٠٠٠٠) نۆسەد هەزار دەنگی دووبارەو مردوو و ساختەو گوماناوی تیادابوو خستیە لاوەو تۆمارێکی تازەی هێنایە کایەوە کە بۆ ئامادەکردنی پشتی بە فۆڕمی خۆراك بەستبوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانێکی ئەوتۆی تیادا نەبوو و هەر وەك خۆی داتاکانی دانابوویەوە، بۆ نمونە: لە نزیکەی زیاد لە (٢٨٠٠٠٠) ناوی مردو تەنها ناوی (١٩٠٠)مردوویان کوژاندبوویەوە، ناوی دووبارە و ساختە و کوردانی پارچەکانی تر و دانیشتوانی ناوچە کێشە لەسەرەکان و دووبارەیان نەکوژاندبوویەوە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هاوپێچ (یاداشتی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان) کە بۆ ئەم مەبەستە ئاراستەی کۆمسیۆن کراوە.

٦-کۆمسیۆن چەند بڕیارێکی هەڵەو پێچەوانەی یاسای دا، بۆ نمونە وەك:

أ-ڕۆژی (٢٠١٨/٩/٢٥) بڕیاری ژمارە (٥١)ی دەرکرد کە تیایدا هاتبوو لەکاتی دەنگداندا وێنەی دەنگدەران بگیرێت، ئەمەش هەم نایاسایی بوو و هەم نا کرداری و هەم پەشێوی لێدەکەوتەوە، نارەزایی چەندین لایەنی بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە:

-ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان یاداشتێکی نارەزایی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان و رای گشتی کرد و داوای هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارەی کرد.

-ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پشتگیری یاداشتەکەی ئینستتیوتی پەیان کرد و لە ڕۆژی (٢٠١٨/٩/٢٦) ئیمزایان لەسەر یاداشتەکەی کرد، پاشان یاداشتەکە ئاراستەی نوسینگەی مافی مرۆڤی نەوەتەیکگرتووەکان لەهەولێر و نوسینگەی

نەتەوەیەکگرتووەکان لە سلێمانی کرا ئەوانیش نارەزایەتی خۆیان گەیاندە کۆمسیۆن. لەئەنجامی ئەو فشارە زۆرەی دروستبوو کۆمسیۆن ناچار بوو لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بوویەوە.

–دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، یاداشتێکی بڵاو کردەوەو داوای کرد دەستبەجێ ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنێتەوە.

ب– شەوی (٢٠١٨/٩/٢٩) کۆمسیۆن لەراگەیاندێکی رۆژنامەوانیدا دەقی چەند بڕیارێکی ئەنجومەنی کۆمسیارانی راگەیاند، یەکێك لەبڕیارەکان پەسەند کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بوو بە (٣/٢) ی ئەندامانی ئەنجومەن، بەڵام ئەم بڕیارەش سەرتاپای پێچەوانەی یاسا بوو. هەرچەند ناوەرۆکی راگەیاندراوەکە نارەزایی هەندێك لایەنی لێکەوتەوە، بەڵام لە دواتردا دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا لەبارەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە دەڵێت: ئەو بڕیارەی کۆمسیۆن لەبارەی پەسەندکردنی ئەنجامەکان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، راست نییە و لەگەڵ یاسای کۆمسیۆن کۆك نییە، لەبەرئەوەی لە یاسای ئاماژەپێکراودا هاتووە: "کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمسیاران بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامان و دەرکردنی بڕیار بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت، لە ئەگەری یەکسانبوونی دەنگەکانی ئامادەبووانیش ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵە لەپێشترە." دادگاکە لەو نوسراوەدا ئاماژەی بەوەش کردووە، تانەدان هیچ سودێکی نییە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردن لە کات و وادەی خۆی ئەنجامدراوە.[(١)]

ج–بێبەشکردنی زیندانیان و نەخۆشی نەخۆشخانەکان لە دەنگدان.

د–بڕیاری سوتاندن و پوچەڵکردنەوەی (٩٧) بنکەی دەنگدان لەسەر بنەمای سکاڵای بریکار بەبێ لێکۆڵینەوە.

هـ–ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە (تحقیق) بە تەلەفون.

و–بوونی دوو رێکار بۆ یەك هەڵبژاردن (تایبەت و گشتی).

٧–زۆربەی هەرەزۆری ئەو فەرمانبەرانەی بە گرێبەست دایمەزراندبوون، شارەزاییان کەم بوو و راهێنانیان پێنەکرابوو، هەر بۆیەش وەك پێویست نەیاندەزانی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و زۆرترین هەڵەیان کردبوو.

(1) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7346&MapID=1

## دووەم :

## پێشێلکارییەکانی ڕۆژی هەڵبژاردن :

### یەك: پێشێلکاری قەوارەکان :

١- هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حزبەکان تا ساتی هەڵبژاردنەکەش بەردەوام بوون لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن .

٢- لەنزیک هەندێك لە بنکەکاندا ڕیکلامی قەوارەکان هەبوون .

٣- لەهەندێك بنکەدا کارت و ژمارە و وێنەی کاندیدان بەسەر دەنگدەراندا دابەشدەکران.

٤- هەندێك کاندید لەنزیک بنکەکانی دەنگدان و لەناو دەنگدەراندا بەردەوامبوون لەسەر بانگەشە.

٥- لەهەندێك بنکەدا هەندێك قەوارە فشاریان دروستدەکرد و هەڵیاندەکوتایە سەر وێستگەکان و کەسانێك بەزۆر دەیانویست دەنگ بدەن و لەچەندین شوێنیش ئەوە چووەسەر. (١)

### دوو: پێشێلکاری هێزە ئەمنیەکان :

١- هەندێك بەرپرسی پێشمەرگە و ئەفسەر و پلەداران لەدەنگدانی تایبەتدا لەبنکەکاندا بوون و بەجۆرێکی ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دەنگدەران هەبوو کە دەنگ بە چ قەوارەیەك بدەن.

٢- لەکاتی دەنگدانی تایبەتدا لەبازگەکانی (کۆیە، دێگەڵە، سماقوولی، هەولێر) گرفت بۆ هاتووچۆی ئەو دەنگدەرانە دروست دەکرا کە ناویان لە شارەکانی ترەوە هاتبوویەوە بۆ دەنگدان.

٣- لە گەلێك بنکەی دەنگداندا ڕێگری لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکرا و وەك پێویست ڕێگەیان پێنەدەدرا کە ڕوومالی پرۆسەکە بکەن. بۆ نمونە پەیامنێرانی هەریەك لە دەزگاکانی (KNN، NRT، K24، Speda، Westga News، G.kurdistan، Rudaw، Kurdistan Tv) لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، سۆران، کۆیە، ڕانیە، چوارقورنە، سیدەکان و سەیدسادق لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە ڕێگرییان لێکراو پەلاماردران.

٤- لەهەندێك لە بنکەکاندا لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانە دەکرا کە بەنایاسایی دەیانویست دەنگ بدەن و ڕێگرییان لێ نەدەکرا. (٢)

٥- لەکاتی دەنگداندا خەڵك هەبوو ناچارکرابوو دەبێت وێنەی کارتی دەنگدانەکەی بگرێت کە دەنگی بە چ لایەنێك داوە.بەڵگەی پێویستیش زۆرە لەبەردەستدا. (٣)

---

(1) https://www.facebook.com/naliatv/videos/335036613730043/

(٢) https://www.facebook.com/kwrdstan.hamarashid/videos/1474339716042716/

(٣) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6848&MapID=1
https://www.dwarozh.net/details.aspx?jimare=83513


١٧٢
ليستى سەردەم
١٣٧
١٨٣
جولانەوەى نەوەى نوێ
١٣٤
١٩٤
بزوتنەوەى گۆڕان
١٤٨


هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ٢٠١٨
انتخابات برلمان كوردستان- العراق ٢٠١٨
كورسى گشتى
مكون التركمان
پێکهاتەی تورکمان


هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ٢٠١٨
انتخابات برلمان كوردستان- العراق ٢٠١٨
كورسى گشتى
مكون التركمان
پێکهاتەی تورکمان


هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ٢٠١٨
انتخابات برلمان كوردستان- العراق ٢٠١٨
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء
مكون التركمان
پێکهاتەی تورکمان
بزوتنەوەی بروسکەی تورکمانی (یلدرم)
٢٤٦
پارتی چاکسازی تورکمانی
٢٥٨
لیستی تورکمانی هەولێر
٣٦٧
لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی
٣٧٣
مكون الكلدان، السريان، الآشوري
هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی
٣٦٨
لیستی دیموکراتی مەسیحی
٣٨٤


هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ۲۰۱۸
انتخابات برلمان كوردستان- العراق ۲۰۱۸
کورسی گشتی
پێکهاتەی تورکمان مكون التركمان


کورسی گشتی


هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ۲۰۱۸
انتخابات برلمان كوردستان- العراق ۲۰۱۸
کورسی گشتی
پێکهاتەی تورکمان مكون التركمان
پێکهاتەی کلدان، سریان، ئاشووری مكون الكلدان، السريان، الآشوريين


هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ۲۰۱۸
انتخابات برلمان كوردستان- العراق ۲۰۱۸
کورسی گشتی
REPUBLIC OF IRAQ
Passport

## سێ: کەموکوڕییەکانی کۆمسیۆن:

١- هەندێك لە رێکار و بڕیارەکانی کۆمسیۆن درەنگ بە بەڕێوەبەری بکەو وێستگەو کارمەندانی کۆمسیۆن گەیشتن، بۆ نمونە وەك بڕیاری تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری وێنەگرتنی دەنگدەران کە لە ئێوارەی ٢٠١٨/٩/٢٧ دەرچوو بوو وە راگەیاندنی رۆژنامەوانی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مۆبایل لەنێو وێستگەی دەنگداندا لەلایەن دەنگدەرانەوە کە ٢٠١٨/٩/٢٨ دەرچوو بوو.

٢- فەرمانبەرانی سەر سندوقەکانی دەنگدان وەك پێویست راهێنانیان پێ نەکرابوو و بەشێکیان نەشارەزابوون لە ئیشەکان. بەتایبەت ئەو کارمەندانەی لەسەر محاسەسەی حزبی دانرابوون .

٣- لەهەندێك لەوێستگەکاندا رێگری لەو دەنگدەرانە نەدەکرا کە مۆبایلیان بەمەبەستی وێنەگرتن لەکاتی دەنگداندا بەکار دەهێنا.

٤- کۆد و ژمارەی سەر سندوقەکان بە جۆرێك نوسرابوو کە زۆر بەئاسانی دەسڕانەوە .

٥- کۆدی سەر قفڵەکان لەگەل کۆدی سەر سندوقەکان جیاوازبون، کە پێویست بوو هاوتابن.

٦- ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە ناویان بۆ دەنگدان نەگەڕابویەوە.

٧- دەنگدەرانی تایبەت بەشێوەیەکی نارێك بەسەر بنکەکانی دەنگداندا لە شارو شارۆچکەکاندا دابەشکرابوون، ئەمەش دەبووە مایەی ئەوەی بەئاسانی ناوەکانی خۆیان نەدۆزنەوە.

٨- ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر ناویان نەگەڕابوویەوە بۆ دەنگدان.

٩- تۆماری دەنگدەران جیاوازی زۆری تیادابوو و نارێك بوو، بۆ نمونە خەلکانێك هەبوون لە لیستی دەرەوەی بنکەکان کە هەلواسرابوو ناویان هەبوو بەلام لە لیستی ژوورەوە ناویان نەبوو و مافی دەنگدانیان نەبوو.

١٠- لەهەندێ بنکەدا رێگە بەدەنگدەران دەدرا کە بەکۆپی رەگەزنامە دەنگ بدات.

١١- لەهەندێ بنکەدا بەر لە کاتژمێر شەش کارتی دەنگدان تەواوبوو، ئەمە لە کاتێدا رێژەی بەشدار دەنگدەر زۆر نزم بوو .

١٢- ئەژمارکردن و ئاشکرابوونی ئەنجامەکانی دەنگدانی تایبەت کاریگەری خراپی بەسەر پرۆسەی دەنگدانی گشتیدا هەبوو.

١٣- شەوی ٢٩-٢٠١٨/٩/٣٠ کاتژمێر ١٠ ی شەو کۆمسیۆن بڕیارێکی تازەی دەرکرد.

١٤- لە سلێمانی درەنگ ئەنجامەکان گەیشتنە کۆمسیۆن.

## ڕێگەکانی ساختەکاری و چەند نمونەیەك لە ساختەکاریەکان

لە پرۆسەی دەنگداندا، چەند شێوازێك بۆ ساختەکاری بەکارهاتووە، کە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی دەنگی هێز و لایەنەکانی دیکە و بەرزکردنەوەی دەنگی پارتی و یەکێتی هەبووە، کە دیارترین ئەو ڕێگایانەی ساختەکاری ئەمانەبوون.

١-درووستکردنی پێناسی باری شارستانی و رەگەزنامەی عێراقی لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ دەنگدان.[1]










(1) http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/011020181
https://www.awene.com/2018/10/01/103320/
https://www.facebook.com/mlazm.roya.7/videos/167667387487797/

بۆنمونە: کارمەندێکی کۆمسیۆن بە ناوی (دڵشاد جەلال) لە فەیسبووک نوسیویەتی، لە بنکەی قوتابخانەی باوەشاسوار لە گەرمیان، لە کاتژمێر (٥ و سی خولەکی ئێوارە) کەسێك ڕەگەزنامە و پێناسێکی باری شارستانی پێبووە و هاتووە بۆ دەنگدان بەهەمان ناو و فۆتۆی ئەوەوە ویستویەتی دەنگ بدات. [١]





٢–کوردانی پارچەکانی تر کە دانیشتوی هەرێمی کوردستانن بەکارهێنراون بۆ دەنگدان. [٢]

٣–پڕکردنەوەی سندوقی دەنگدان، ئەویش لە ڕێی فشاری هێزە ئەمنییەکانەوە لە بەشێك لەبنکەکاندا کارمەندانی کۆمسیۆن کراونەتە دەرەوە و لەو ڕێگەیەوە سندوقەکانی دەنگدان لە بەرژەوەندی هەردوو هێزی دەسەڵاتدار پڕکراونەتەوە. [٣]

٤–لە کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆی ٣٠ی ئەیلول، هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان لقی سلێمانی و ناوەندی سەرەکیی کۆمسیۆن لە هەولێر نەماوە و وەڵامی تەلەفونی یەکتریان نەداوەتەوە، ئەمەش ڕێگایەکی دیکەبووە بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری. بەپێی زانیاری قەوارەکان نزیکەی ١٢٪ی دەنگەکان دەستکاریی کراون. [٤]

٥–لادان لە ڕێکارەکانی کۆمسیۆن هەوڵێکی دیکەی پارتی و یەکێتی بووە بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری کە بەوتەی چاودێران لە بەشێك لە بنکەکانی دەنگدان کار بە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن نەکراوە.

٦–دەنگدانی دووبارە و بەکۆمەڵ، ئەمەش ڕێگایەکی دیکەبووە کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەکاریان هێناوە و دەنگی خۆیان پێ بەرزکردووەتەوە.

---

(١) https://www.awene.com/2018/10/01/103320/

(٢) https://www.facebook.com/mlazm.roya.7/videos/167667387487797/

(٣) https://www.facebook.com/KNN.KRD/videos/324294141456428/

(٤) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6974&MapID=1

https://diplomaticmagazine.net/politics/1242

٧- بەشێکی هاووڵاتیانی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەوانەی دەنگدان نەیدەگرتنەوە لەلایەن هێزە باڵادەستەکانی کوردستانەوە هێنراون بۆشارو شارۆچکەکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجەو دهۆك و ناسنامەی باری شارستانی و رەگەزنامەی عێراقیی ساختەیان بۆ دروستکردەوە، بۆ ئەوەی دەنگبدەن.

٨-لە قوتابخانەی هەرمۆتە لە قەزای کۆیە بنکەی ژمارە ( ١٢١٧٠٨ ) وێستگەی ( ٥ - ٧ ) رێژەی دەنگدان گەیشتۆتە ( ١١٠٪ ) و ژمارەیەکی زۆر فۆرمی دەنگدان خراوتە ناو سندوقی دەنگدانەوە، بەپێی فۆرمی ( ٥٣ )ی ئەنجامی قەوارە سیاسیەکان لە بنکەکانی دەنگدان ئەنجامی دەنگدانە لە وێستگەی ژمارە ( ٥ - ٧ ) بەم شێوەیە:

| ژ | قەوارە | وێستگەی ٧ | وێستگەی ٥ |
|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتی | ٤٢٦ دەنگ | ٤٤٣ دەنگ |
| ٢ | بەرەو ئیسلاح | ١ دەنگ | ٤ دەنگ |
| ٣ | سەردەم | ٣ دەنگ | ١ دەنگ |
| ٤ | نەوەی نوێ | ١٢ دەنگ | ٩ دەنگ |
| ٥ | گۆڕان | ١٥ دەنگ | ٨ دەنگ |
| ٦ | پارێزگاران | سفر | سفر |
| ٧ | ئازادی | ٣ دەنگ | ٣ دەنگ |
| ٨ | پارتی | ١١ دەنگ | ٢ دەنگ |
| ٩ | کۆمەڵ | ٣ دەنگ | ٢ دەنگ |



٩–لە قوتابخانەی ( هەلان ) لە قەزای شەقڵاوە بنکەی ژمارە ( ١٢٢٧٠١ ) لە وێستگەی ژمارە ( ٤ ) ڕێژەی بەشداربوان ( ١٠٣٪) بووە ، بەپێی فۆرمی ( ٥٣ )ی ئەنجامی قەوارە سیاسیەکان لە بنکەکانی دەنگدان ئەنجامی دەنگدانە لە وێستگەی ژمارە ( ٤ ) بەم شێوەیەیە:

پارتی: ٣٨٥ دەنگ، یەکێتی : سفر، گۆڕان : ٢ دەنگ، کۆمەڵ : ١ دەنگ، نەوەی نوێ : ١ دەنگ، بەرەو ئیسلاح : سفر



١٠–دەسەڵات لە ڕێگەی چەکدار و لایەنگرانیەوە هێرشی کردە سەر ژمارەیەك بنكەی دەنگدان و ئەو نوێنەری لایەنە سیاسیانەشی ڕێگرییان دەکرد لە ئەنجامدانی ساختەکاری ڕووبەڕووی لێدان بوونەوەو بەدەیان کەسیش دووبارە دەنگیانداو بەشێك لە خەڵكیش بە بەڵگەنامەی ساختە دەنگیاندا. (١)

١١–یەکێك لە نوێنەرەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەناوی (فەرەیدون کاکی) دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان لەبەردەم قوتابخانەی سالّح قەفتان هێزێکی چەکدار بەبەرچاوی هاوڵاتیانەوە هێرش دەکەنە سەری و لێیدەدەن و دواتر دەیڕفێنن و لە نزیك شاری جوان فرێیدەدەن. (٢)

(١) https://www.facebook.com/KNN.KRD/videos/324294141456428/

(٢) https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=7771




چاودێرێکی گۆڕان لە سلێمانی




چاودێرێکی نەوەی نوێ لە هەولێر

١٢- کەناڵەکانی نەوەی نوێ بڵاویان کردەوە کە چاودێرەکانیان دەسگیر کراون و ئازار دراون، لەم بارەیەوە کازم فاروق وتەبێژی جولانەوەی نەوەی نوێ دەڵێت، پارتی بەحساب هەندێك کەس دەگرێت تا خەڵکی تر بترسێنێت، چونکە باش دەزانێت لەناو هەولێردا نەوەی نوێ لە پارتی زیاترە، بەڵام ئەو رەفتارانە خەڵك ناترسێنێت و ساردیان ناکاتەوە. لە رۆژانی پێش هەڵبژاردن و لە رۆژی هەڵبژاردنیشدا چەندین خۆبەخشی نەوەی نوێ رووبەرووی لێدان و فراندن بونەتەوە، شەوی ٣٠ی ئەیلول لەکاتی رێگریی لە ساختەکاری هەڵبژاردن چاودێرێکی نەوەی نوێ بە ناوی هارون ناسیح لە بنکەی قوتابخانەی هەکاری لەناو بنکەکەوە لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە فرێندراوەو دوای و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە دەرەوەی هەولێر فڕێیانداوە،[1] جگە لەمە چاودێرێکی تری نەوەی نوێ بەناوی فریاد واحید لەکاتی رێگریکردنی لە ساختەکارییەکانی یەکێتی لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە لە سلێمانی بەتوندی ئەشکەنجە دراوە.[2]

(١) https://www.facebook.com/naliatv/videos/1749258365200543/

(٢) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7477&MapID=1
http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6969&MapID=1

١٢–له بنكەی دەنگدانی ئەحمەدی خانی لـە گـەڕەكی بـەختیاری چـوار كـەس هەوڵدەدەن بەناسـنامە و ڕەگەزنامـەی عێراقی دەنگبدەن، بەشێك لە كارمەندانی كۆمیسیۆن و نوێنەری لایـەن سیاسـیەكان بـە هاوكـاری چـەند پۆلیسـێك ڕێگـری دەكەن بەڵام ئەوان سورن لەسەر ئەوەی هەر دەبێت دەنگ بدەن. [1]

١٣–بنكەی دەنگدانی شارۆ لە گەڕەكی زەرگەتـەی كـۆن زۆرتـرین ڕێـژەی دەنگـدانی تێـدا بـووە، بـەڵام چـەند كەسـێك بەناوی دەنگدانەوە هەوڵی ساختەكاریاندا، دواتر لە كاتژمێر ٤:٣٠ خولەك بنكەكە بۆ ماوەیـەك بـەهۆی ئـەو ئاژەوەگێڕیـەوە داخرا، دواتر نوێنەری چاودێرانی نێودەوڵەتیش چوونە بنكەكە بۆ لە نزیكەوە ئاگاداربوون لە گرفتەكانی پرۆسـەكە. بـەپێی ڤیدیۆیەك، كەلەو قوتابخانەیە تۆمار كراوە، تیایدا كەسێك بانگی چەند كەسـێك دەكـات كـە كارمەنـدەكانی كۆمسـیۆن لـەو بنكەیە "بە شەق" بكەنە دەرەوە. وەك لە ڤیدیۆكەدا دەردەكەوێت، ئەو كەسە دەڵێت "هاوڕێیان... وەرن ئەمانـە بەشـەق بكەنە دەرەوە. یاڵا بۆ دەرەوە... بۆ دەرەوە دەی." هاوكات چاودێرێك دەڵێت "قەینا بۆ ئێرە چۆڵ بكەین؟"، ئەو كەسـە پێی دەڵێت "تۆ قسە مەكە"، چاودێرەكەش پێی دەڵێت "قسە دەكەم منیش كیانێكم وەك تۆ لێرە وەسـتاوم." دیمـەنێكی دیكەی ڤیدۆكە ئەوە پیشـاندەدات كـە ئـەو كەسـانەی هێرشـدەكەنە سـەر قوتابخانەكـە، فـۆرم دەخەنـە نـاو سـندوقەكانی دەنگدان. دوای ئەوەی قسەی نەشیاو بە یەكتری دەڵێن، چاودێرەكە بەو كەسە دەڵێت "وەڵا هەتا ئێـوە لـەویا بـن بـەجێی ناهێڵم.". [2]

١٤–لەبنكەی دەنگدانی پەیمانگای كۆمپیوتەری سلێمانی چەند كەسـێك هەڵیانكوتایـە سـەر بنكەكـەو هێرشـیان كـردە سـەر كارمەنـدان و ویسـتیان دەنگبـدەن. [3] پـەلاماری بنكەكەیانـدا و دەسـتیان كـرد بـە ئـازاردانی چـاودێری لایەنـەكان و كارمەندانی كۆمسیۆن. بەم هۆیەشەوە بۆ ماوەیەك پرۆسەی دەنگدانیان ڕاگرتووە. [4]

١٥– كەسێك بەناوی لاوەند جەلال كە ڕاوێژكاری پەرلەمانە لە هەولێر ڕایگەیاند كاتێـك چـووە دەنـگ بـدات لەهـەولێر ، برایەتی، خوێندنگەی چوارچرا وێستگەی ژمارە پێنج ، پێشتر دەنگی لەجیاتی درابوو، نـاوبراو وێنـەی ئـەو تۆمارەشـی لـە ئەكاونتی تایبەتی خۆیدا بڵاوكردۆتەوە كەلەبری ئەو دەنگدرابوو و ئیمزاشی لەجیاتی كرابوو.



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لاوك كامران عبدالقادر | 4228901 | 50210014 | 1996 | |
| لاوند جلال اغا | 205777 | 50144623 | 1978 | |
| لاوين شيروان رشيد | 4002740 | 50199451 | 1997 | |
| لةنجة سيروان بكرسامي | 4094027 | 50218200 | 1983 | |
| لذى عبالستار سلطان | 201148 | 50150067 | 1980 | |

(1) https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=7771
(2) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7032&MapID=1
(3) https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=7771
(4) http://www.kurdistan24.net/so/news/84083ae4-383b-4b05-824d-185793e937e2

١٦–له چەند شوێنێکی دیکەش نوێنەری چەند لایەنێکی سیاسیی ئاماژە بەوە دەکەن لە نوێنەرەکانیان دراوە و هەندێکیان دەڵێن بۆ ماوەیەك نوێنەریان دەستگیرکراوە لەلایەن هێزی ئەمنییەوە. ئەمەش لە راگەیاندنی هەموو ئەولایەنانەدا تەواو رەنگی داوەتەوە کە رووماڵی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد.

١٧–لە قوتابخانەی سەربەستی لە شێخ محێدین لە شاری سلێمانی، پرۆسەی دەنگدان بە ناچاری راگیرا چونکە کەسانێك چووبوونە ناو بنکەکە و دەیانەوییست بە نایاسایی دەنگ بدەن.

١٨–بەوتەی چاودێرانی سەر سندوقەکانی دەنگدانییش ساختەکاریی لە پرۆسەکەدا ئەنجامدراوە وپێشێلکاری بەرامبەر نوێنەری لیست و قەوارە بەشدارەکانی هەڵبژاردنەکەدا کراوە. (١)

١٩–لە سلێمانی بەڕێوەبەری چەند بنکەیەکی هەڵبژاردن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە روبەڕووی ئەشکەنجەی توند بوونەتەوە، بەهۆی ئەوەی ویستویانە رێگری لە ئەنجامدانی ساختەکاریی بکەن. لەوبارەیەوە هێرۆ عەتار بەڕێوەبەری بنکەیەکی هەڵبژاردن وتی: "٢٠ کەس هاتوونەتە ناو قوتابخانەکەوە ویستویانە بە زۆر دەنگ بدەن، منیش چووم بۆلایان و پێم وتن کە ناوتان نییە لێرە، لە ناکاودا هەموویان بەبەرچاوی هێزەکانی ئاسایشەوە پەلاماریان دام و بە تێهەڵدان خستیانمە سوچێکەوە". (٢)

٢٠–وەك بەشێك لە چاودێرەکانی سندوقەکانی دەنگدان دەڵێن، پارتی و یەکێتی پێش هەڵبژاردن ئامادەکاریی تەواویان بۆ ساختەکاریی کردبوو، لەچەندین رێگەوە کە یەکێکیان ساختەکردنی هەزاران رەگەزنامە و ناسنامەی ساختە بوو، لەپاش نیوەڕۆی رۆژی دەنگداندا بە لێشاو ئەو کەسانە و چەکدارەکانیان ناردە سەر بنکەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی سندوقەکان پڕبکەن لە دەنگی خۆیان. ئاماژە بەوەشدەکەن، لەبەشێك لە بنکەکان چاودێر و لایەنەکان هەوڵیاندا روبەڕووی ساختەکارییەکان ببنەوە، بەڵام لە رێگەی هێرشکردنە سەریانەوە پارتی و یەکێتی ساختەکارییەکانیان ئەنجامدا و کەلوپەلی دەنگدانی هەندێك لە بنکەکانیشیان تێکشکاند. (٣)

٢١–لە چەند شوێنێکی دیکە نوێنەری چەند لایەنێکی سیاسی ئاماژەیان بەوەکرد لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە نوێنەرەکانیان دراوەو بۆ ماوەیەکیش دەستگیرکراون، جگە لەوەش لەهەندێك بنکە تەقە کراوە، کە وەك هەندێك لە چاودێرەکان دەڵێن، مەبەست لێی ترساندنی خەڵك بووە بۆ ئەوەی رێگە بۆ ساختەکارییەکانیان خۆش بکەن. بەفراوانی ساختەکارییەکان هەر زوو رێکخراوەکانی تایبەت بە چاودێریکردنی هەڵبژاردنی هێنایە دەنگ و تەنانەت بەرپرسانی کۆمسیۆنیش ئاماژەیان بەوەکرد، کە پێشێلکاری زۆر ئەنجامدراوە. (٤)

٢٢–کەناڵی سپێدەی زمان حاڵی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لە راپۆرتێکدا رایگەیاند: دروست کردنی رەگەزنامەی عێراقی بۆ کوردانی رۆژئاواو و رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن پارتی و یەکێتی دیارترین سیمای تەزویرو ساختەکاری هەڵبژاردنی ٣٠ ئەیلول بوو دروست کردنی سەروی چوارسەد هەزار جنسیەی عێراقی ساختە بۆ دەنگدان لای هەندێ لایەنی سیاسی بەبەڵگەوە تۆمار کراوە. کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان کەماوەی بیست ساڵە لەهەرێمی کوردستانە لەبەر ئەوەی خەڵکی وڵاتێکی ترە لێرە جنسەی عێراقی بۆ دروست نەدەکرا چەندین جار داوای

---

(تر) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6980&MapID=1کا

(ير) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7001&MapID=1

(سم) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7001&MapID=1

(ئسم) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7001&MapID=1

کردووە بەڵام لەڕۆژی هەڵبژاردن جنسیەی عێراقی بۆ دروست دەکرێت لەهەولێر دەیبەن بۆ دەنگدان و دەنگی پی دەدەن ڕۆژێك دوای هەڵبژاردن جنسەی عێراقیەکەی لێ وەردەگرنەوە، ئەو هەڕەشەی لێ کراوە کە قسە نەکات بۆ ڕاگەیاندن وە لای هیچ کەسێك باسی نەکات چیرۆکی خۆی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بۆ سپێدە دەگێڕێتەوە. [(١)]

٢٣- کاندیدێکی گۆڕان بەناوی کاروخ عوسمان رایگەیاند لەناو بنگەی دەنگدان لە شارۆچکەی قەسرێ کاتێك چووبوم دەنگ بدەم، لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە لێی دراوە. ناوبراو دەشلێت:"جنێوی زۆر ناشرینیان پێدام و میلی تفەنگیان هێنایەوەو بە قۆناغە تفەنگ لە پشتیاندام و بەلولەی تفەنگ کێشەیان بە چاومدا، بەڵام سور بووم لەسەر ئەوەی دەنگد بدەن تا دواتر مدیر ناحیەو قایمقام هاتنە سەر خەت و دواتر دەنگمدا". [(٢)]

(١) http://www.speda.net/index.php/news/kurdistan/38499
(٢) http://hawlati.co/page_detail?smart-id=d3276

## ڕاگەیاندنی ٨٥٪ ی دەنگەکان لەلایەن کۆمسیۆنەوە

کاتژمێر ٣ی ڕۆژی پێنجشەممە (٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨) ئەنجومەنی کۆمسیاران کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەبارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و چۆنێتی ئاشکراکردنیان کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی فشاریان لە ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکرد کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕابگەیەنێت. پێویست بوو کۆمسیۆن ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ئەنجامە بەراییەکان ئامادەبکات کە تیایدا داتای لەسەر سکاڵاکان تێدایە و پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمسیارانی بکات. هەر بەپێی زانیارییەکان، گۆڕان و یەکگرتوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکاندا نەبوون و یەکێتیش وەك بێلایەن لەو بارەیەوە مامەڵەی دەکرد.

هەر لەم بارەیەوە شێروان زرار وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ پێنجشەممە (٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨)، ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنن و دواتر بڕیار لەسەر سکاڵاکان و ئەو سندوقانە دەدرێت کە قردێلەی سوریان لێدراوە. [1] ئەوەبوو لە کۆنگرەیەکی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا هەمان ڕۆژ گوایە ٨٥٪ ئەنجامەکانیان ڕاگەیاند، کە ئەمەی خوارەوەیە:

**کورسی گشتی**

| ژ | ناوی لیست | ژ. دەنگ |
|---|---|---|
| 1 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢٨٧٥٧٥ |
| 2 | بەرەو ئیصلاح | ٦٩٤٧٧ |
| 3 | لیستی سەردەم | ١٣٧٠٨ |
| 4 | جولانەوەی نەوەی نوێ | ١١٣٢٩٧ |
| 5 | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٦٤٣٣٦ |
| 6 | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٣٠٢٨ |
| 7 | ئازادی | ٧٠٦٩ |
| 8 | هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری | ٦٨٨٦ |
| 9 | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥٩٥٥٩٢ |
| 10 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٩٤٩٩٢ |

**کورسی کۆتا**

| ژ | ناوی لیست | ژ. دەنگ |
|---|---|---|
| 1 | لیستی تورکمانی دیموکراتی | ٦٢٨ |
| 2 | پارتی گەشەپێدانی تورکمان | ٢٦٣٦ |
| 3 | لیستی میللەت | ٥٢٦ |
| 4 | هاوپەیمانی تورکمانی هەولێر | ٦٠٥ |
| 5 | بزوتنەوەی بروسکەی تورکمانی(یلدرم) | ٦٩٥ |
| 6 | پارتی چاکسازی تورکمانی | ٢٤٦٤ |
| 7 | پارتی تورکمانی هەولێر | ٥٦١ |
| 8 | لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی | ١٣٣٢ |
| 9 | لیستی رافیدین | ٢١٤٧ |
| 10 | ابناو النهرين | ٣٠١ |
| 11 | مجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري | ٢٥٥٢ |
| 12 | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٦٢٩١ |
| 13 | لیستی دیموکراتی مەسیحی | ١٨١ |
| 14 | نوبار سیپان غەریب | ٢٤٢ |
| 15 | ادکار هاکوب | ٣٧٣ |
| 16 | ئارام بوزو حمو | ٤٦٣ |
| 17 | مراد ماردروس وارتان | ٣٤٦ |
| 18 | یروانت نیسان مارکوس | ٤٩٤ |
| 19 | فاهيك كمال سرانيان | ٤٨٩ |

(1) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7116&MapID=1

دوابەدوای بڵاوکردنەوەی بەناو ئەنجامە بەراییەکان، کۆمسیۆن لیژنەیەك کە لە چوار بەڕێوەبەری گشتی پێکهاتبوون رەوانەی سلێمانی کرد بۆ ئەوەی لیکۆڵینەوە بکەن لەسەر هۆکاری پچڕانی پەیوەندی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆن بە ناوەندی کۆمسیۆنەوە لە هەولێر و دواکەوتنی راگەیاندنی رێژەی بەشداری دەنگدانی گشتی لەو پارێزگایە. بەلام ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو لیژنەیە هیچ راگەیەنراو و روونکردنەوەیەکیان بڵاونەکردەوە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەو ئەنجامەی کۆمسیۆن کە رایگەیاند گوایە رێژەی (٨٥٪)ی دەنگەکانی بڵاوکردەوە، هیچ فەرمانێکی ئیداریی بۆ دەرنەچووە، هیچ ئەندامێکی کۆمسیاران ئیمزای لەسەر فەرمانی ئەنجامی کۆتایی نەکردووە، هیچ نوسراوێکی مۆرکراو یان ئیمزاکراو بەردەست نییە تا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تانە لە ئەنجامی راگەیەنراوی کۆمسیۆن بدەن. ئەو راگەیەنراوەی کۆمسیۆن نەك هەر پێشێلکردنی یاسا بوو، بگرە بێنرخکردنی دامەزراوەیەکە کە پاشگری سەربەخۆی پێوە لکێنراوە.

خراپتر لەوە، لەکاتی پێشکەشکردنی (بەناو) ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان، نوێنەری هەموو لایەنەکان ئامادەبوون! ئەمەش عەیبەو نەنگییەکی گەورە بوو بۆ هەموو لایەنەکان، دانپێنانێکی ناڕاستەوخۆی لایەنەکان بوو بەو ئەنجامانەی کۆمسیۆن.

بەپێی یاسا، دەبوایە دوای کۆکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن و رێکخستنی، فەرمانێکی کۆمسیۆن ئامادە بکرایە و ئەنجامەکانی تێدا تۆمار بکریە، دواتر ئەندامانی کۆمسیۆن ئیمزایان لەسەر بکردایە و فەرمانێکی رەسمیان دربکردایە. بەڵام کۆمسیاران لەم بارەیەوە نەگەیشتنە ئەنجام و هیچ کام لەئەندامانی باڵای کۆمسیۆن ئیمزایان لەسەر ئەو ئەنجامانە نەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری ئەوە لای هاوڵاتیان دروستبووە کاتێك کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ٨٥٪ دەنگەکانی راگەیاند، ئایا ئەو ١٥٪ی دەنگەکان کە ماوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و چ گۆڕانکارییەك لە ئەنجامەکاندا دەکات.

ئەوەی جێگەی تێبینی بوو دوای راگەیاندنی ئەنجامەکان ئیسماعیل خورماڵی بڕیاردەری کۆمسیۆن کە لە پشکی یەکگرتووە، لە بەرنامەی تاوتوێی ئێن ئارتیدا ڕایگەیاند، گوایە ناوبراو لەگەڵ راگەیاندنی لە سەدا ٨٥ی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردندا نەبووە و بە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی راگەیاندووە ئەو ئەنجامە نافەرمییە و دەبێتە ماڵ بەسەر کۆمسیۆنەوە. [1]

---

(1) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7155&MapID=1

## وادەی یاسایی راگەیاندنی ئەنجامەکان پێشێلکرا

بەپێی برگەی (١) لە بەشی (١٢) ی پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٨ ی دەنگدان و لەیەك جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکانی خودی کۆمسیۆندا هاتووە: "کۆمسیۆن لەماوەی (٧٢) کاتژمێر ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردن رادەگەیەنێت"بەلام کۆمسیۆن نەیتوانی ئەم کارە بکات و ئەنجامە بەراییەکان ڕابگەیەنێ، هەرچەندە کۆمسیۆن لە ئێواری (٤/١٠/٢٠١٨) ئەنجامی نافەرمی (٨٥٪) ی دەنگدانی ئاشکرا کرد، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەو ئەنجامە بەپێی یاسا بە ئەنجامی بەرایی هەژمار ناکرێت، دواتر کاتژمێر (١٢) ی شەوی (٢١/١٠/٢٠١٨) دوای (٢٠) رۆژ لە هەڵبژاردن و تێپەڕ بوونی (٤٨٠) کاتژمێر ئینجا ئەنجامە بەراییەکان بەفەرمی راگەیەنرا، کە ئەمە ژمارەو رێژەی دەنگ و کورسی قەوارەکانە:

### یەکەم : کورسیە گشتیەکان:

| ژ | ناوی لیست | ژمارەی لیست | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٠٥ | ٣١٩٩١٢ | ٢١ |
| ٢. | بەرەو ئیصلاح | ١١٩ | ٧٩٩١٢ | ٥ |
| ٣. | لیستی سەردەم | ١٢٧ | ١٥٤٣٤ | ١ |
| ٤. | جولانەوەی نەوەی نوێ | ١٣٤ | ١٢٧١١٥ | ٨ |
| ٥. | بزوتنەوەی گۆران | ١٤٨ | ١٨٦٩٠٣ | ١٢ |
| ٦. | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٥٦ | ٣٦٢٨ | ٠ |
| ٧. | ئازادی | ١٦٤ | ٨٠٦٣ | ١ |
| ٨. | هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری | ١٧٢ | ٢٩٨٣ | ٠ |
| ٩. | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٨٣ | ٦٨٨٠٧٠ | ٤٥ |
| ١٠ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٩٤ | ١٠٩٤٩٤ | ٧ |

### دووەم : پێکهاتەی تورکمان :

| ژ | ناوی لیست | ژمارەی لیست | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | لیستی تورکمانی دیموکراتی | ٢٠٣ | ٢٩٨ | ٠ |
| ٢. | پارتی گەشەپێدانی تورکمان | ٢١٥ | ٣٣١٨ | ٢ |
| ٣. | لیستی میللەت | ٢٢٤ | ٨٨٥ | ٠١ |
| ٤. | هاوپەیمانی تورکمانی هەولێر | ٢٣٩ | ٧٦٠ | ٠ |
| ٥. | بزوتنەوەی بروسکەی تورکمانی(یلدرم) | ٢٤٦ | ٨٤٦ | ٠ |
| ٦. | پارتی چاکسازی تورکمانی | ٢٥٨ | ٣١٢٥ | ١ |
| ٧. | پارتی تورکمانی هەولێر | ٢٦٧ | ٦٩٥ | ٠ |
| ٨. | لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی | ٢٧٢ | ١٥٤٥ | ١ |

**سێیەم : پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری :**

| ژ | ناوی لیست | ژ.لیست | ژ. دەنگ | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | لیستی رافیدین | ٣٠٦ | ٢٦٢٦ | ١ |
| ٢. | ابناو النهرین | ٣١٧ | ١٠٨ | ٠ |
| ٣. | مجلس الشعبی الکلدانی السریانی الاشوری | ٣٤٤ | ٢٩٦٣ | ١ |
| ٤. | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٣٦٨ | ٨٠٨٨ | ٣ |
| ٥. | لیستی دیموکراتی مەسیحی | ٣٨٤ | ٢٣٨ | ٠ |

**چوارەم : پێکهاتەی ئەرمەن :**

| ژ | ناوی لیست | ژمارەی لیست | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | نوبار سیپان غەریب | ٤٠٨ | ٢٩٠ | ٠ |
| ٢. | ادکار هاکوب | ٤٢٣ | ٤٣٩ | ٠ |
| ٣. | ئارام بوزو حمو | ٤٥٢ | ٦١١ | ٠ |
| ٤. | مراد ماردروس وارتان | ٤٧٦ | ٤٢٥ | ٠ |
| ٥. | یروانت نیسان مارکوس | ٤٨٩ | ٥٩٠ | ٠ |
| ٦. | فاهیك کمال سرانیان | ٤٩٧ | ٦١٥ | ١ |

لەگەل ئەوەشدا لە کۆی (٩) کۆمسیار تەنها پێنجیان کە (پارتی و یەکێتی) ئیمزایان لەسەر کرد و چوارەکەی تریان (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) ئەنجامەکانیان رەت کردەوەو دەنگیان لەسەر نەدا، یاداشتێکیان دژ بەو بڕیارەی کۆمسیۆن و ئەنجامەکان بڵاوکردەوە، ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیانە:

هەرێمی کوردستانی عێراق

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی**

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

## ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی

**بابەت/ ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠**

جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان، هاوڵاتیانی بەڕێز....

ئاشکرایە لەسەرەتای دەستبەکاربوونمان لەکۆمسیۆن تا ئەم ساتەوەختە لێبڕاوانە و خۆنەویستانە کارمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاست چاوەڕوانیەکانی خەڵکی کوردستاندا بین و هەڵبژاردنێکی پاکژ و شەفاف بەڕێوە ببەین. لەسەرەتای ئامادەکاری بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کۆمسیۆن لەلایەن خۆیەوە چەندین پەیڕەو و ڕێکاری گرتەبەر کە زەمانەتی هەلبژاردنێکی پاك و بێگەرد بکات. بۆیە هەموومان بەهیواوە لەو ڕۆژەمان دەڕوانی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی تێدا ئەنجام دەدرێت.

بەداخەوە لەڕۆژانی هەڵبژاردن لە ٢٨ و ٢٠١٨/٩/٣٠ سەدان دیمەنی پێشێلکاری و نەخوازراومان لەمیدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەرچاوکەوت، تا ڕادەی شکاندنی سندوقەکانی دەنگدان و ئازار و ئەشکەنجەدانی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن و بریکاری قەوارە سیاسیەکان. سەدان کەس پەیوەندیان پێوە دەکردین کە هەڕەشە و پێشێلکاریان بەرانبەر کراوە و پەیڕەو و ڕێکارەکانی کۆمسیۆن پشتگوێ خراون و جێبەجێ نەکراون. هەر بۆیە (١٠٤٥) سکاڵای جۆراوجۆر پێشکەشی کۆمسیۆن کرا سەبارەت بە ساختەکاری و پێشێلکاریەکان.

لەدوای کۆتایی هاتنی پرۆسەکە هیوایەك هەبوو کە ئەنجومەنی کۆمسیاران پاڵپشت بەو سکاڵایانە و بوونی ئەو سەدان سندوقە سورە بتوانێت گۆڕانکاری لەئەنجامەکاندا بکات و ئەگەر بەشێوەیەکی تەواویش نەبێت، نیمچە دادگەریەك بەرپا بکات و دەنگە ڕاستەقینەکانی خەڵك لەدەنگە ساختەکان جیا بکاتەوە. بەڵام سەرەڕای شەونخونی و کارکردنی بەردەوام لە سێ هەفتەی ڕابردوودا لەسەر سکاڵاکان و کەموکوڕیەکانی پرۆسەکە لەلایەن سەرجەم تیمەکانی کۆمسیۆنەوە، لەکۆتاییدا ئەنجومەنی کۆمسیاران دەستەوسان بوو لەبەدیهێنانی ئەو دادگەریە لەبەر چەندین هۆکاری خودی و بابەتی.

بەداخەوە بەدرێژایی ئەمڕۆ چاوەڕوانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆمسیاران بووین، بەڵام هیچ وادەیەك بۆ کۆبونەوە دیارینەکرا، دواتر دوای ئاگادار کردنەوەمان و دواخستنی چەندین جار لەکاتژمێر (١١) یازدەی ئەمشەو بەبێ بوونی ئەجێندای پێشوەختەو وەرگرتنی ڕای ئەندامان و ئەو هەزاران لاپەڕە تێبینیانەی لەسەر کەموکوڕییەکانی فۆرمی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نوسرابوو، بابەتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە ئەنجامی کۆتایی نین و پڕن لە کەموکوڕی و ناتەواوی لەسەرتاسەری هەرێم خرایە نێو باسی کۆبونەوەکە. ئەگەرچی ئێمە چەندین جار داوامان کرد کۆبونەوەکە دوا بخرێت بۆ ئەوەی کارەکە بەشێوەیەکی تەندروست و بەرێچکەی یاسایی خۆیدا بڕوات، بەڵام بەبێ گوێدانە داخوازیەکانی ئێمە و ئەو هەموو یاداشتەی لەو بارەیەوە پێشکەشمان کردبوو، بەپەلە و بەبێ هیچ گفتوگۆیەك خشتەیەکی ئامادەکراوی پێشوەختە خرایە دەنگدان و بەزۆرینەی دەنگ تێپەڕێنرا.

بۆیە ئێمە وەك چوار لەئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران کەلەخوارەوە ناومان هاتووە، کەزۆرترین پشکی کارو ماندوو بوونمان هەبوو لەم پرۆسەیەدا، دژی ئەو کۆبونەوەیە بووین و بە نایاسایی دەزانین و پێمان وایە ئەم کارە پیشەیی نیە و دەنگمان پێنەدا و پەسەندی ناکەین و ڕەتی دەکەینەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| عبدالصمد خضر عبدالله | شیروان زرار نەبی | اسماعیل حمەعلی خورماڵی | د.ڕێزان حەمەرشید کریم |
| ئەندامی ئەنجومەن | وتەبێژی ئەنجومەن | بڕیاردەری ئەنجومەن | سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن |
| ٢٠١٨/١٠/٢٠ | ٢٠١٨/١٠/٢٠ | ٢٠١٨/١٠/٢٠ | ٢٠١٨/١٠/٢٠ |

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ژمارەو رێژەی دەنگی قەوارەکان بەجۆرێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە گومانی زۆر دەخاتە سەر ئەنجامەکان، ئەگەر بەراوردی هەردوو ئەنجامەکەی (١٠/٤) و (١٠/٢٠) بکەین دەبینین:

## یەکەم : کورسیە گشتیەکان:

| ژ | ناوی لیست | ژمارەی دەنگی ١٠/٤ | ژمارەی دەنگی ١٠/٢٠ | جیاوازی دەنگ | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢٨٧٥٧٥ | ٣١٩٩١٢ | ٣٢٣٣٧ | ٢١ |
| 2 | بەرەو ئیصلاح | ٦٩٤٧٧ | ٧٩٩١٢ | ١٠٤٣٥ | ٥ |
| 3 | لیستی سەردەم | ١٣٧٠٨ | ١٥٤٣٤ | ١٧٢٦ | ١ |
| 4 | جولانەوەی نەوەی نوێ | ١١٣٢٩٧ | ١٢٧١١٥ | ١٣٨١٨ | ٨ |
| 5 | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٦٤٣٣٦ | ١٨٦٩٠٣ | ٢٢٥٦٧ | ١٢ |
| 6 | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٣٠٢٨ | ٣٦٢٨ | ٦٠٠ | ٠ |
| 7 | ئازادی | ٧٠٦٩ | ٨٠٦٣ | ٩٩٤ | ١ |
| 8 | هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری | ٦٨٨٦ | ٢٩٨٣ | ٣٩٠٣ | ٠ |
| 9 | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥٩٥٥٩٢ | ٦٨٨٠٧٠ | ٩٢٤٧٨ | ٤٥ |
| 10 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٩٤٩٩٢ | ١٠٩٤٩٤ | ١٤٥٠٢ | ٧ |
| 11 | لیستی تورکمانی دیموکراتی | ٦٢٨ | ٢٩٨ | ٣٣٠ | ٠ |
| 12 | پارتی گەشەپێدانی تورکمان | ٢٦٣٦ | ٣٣١٨ | ٦٨٢ | ٢ |
| 13 | لیستی میللەت | ٥٢٦ | ٨٨٥ | ٣٥٩ | ١ |
| 14 | هاوپەیمانی تورکمانی هەولێر | ٦٠٥ | ٧٦٠ | ١٥٥ | ٠ |
| 15 | بزوتنەوەی بروسکەی تورکمانی(یلدرم) | ٦٩٥ | ٨٤٦ | ١٥١ | ٠ |
| 16 | پارتی چاکسازی تورکمانی | ٢٤٦٤ | ٣١٢٥ | ٦٦١ | ١ |
| 17 | پارتی تورکمانی هەولێر | ٥٦١ | ٦٩٥ | ١٣٤ | ٠ |
| 18 | لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی | ١٣٣٢ | ١٥٤٥ | ٢١٣ | ١ |
| 19 | لیستی رافیدین | ٢١٤٧ | ٢٦٢٦ | ٤٧٩ | ١ |
| 20 | ابناو النهرین | ٣٠١ | ١٠٨ | ١٩٣ | ٠ |
| 21 | مجلس الشعبی الكلدانی السریانی الاشوری | ٢٥٥٢ | ٢٩٦٣ | ٤١١ | ١ |
| 22 | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٦٢٩١ | ٨٠٨٨ | ١٧٩٧ | ٣ |
| 23 | لیستی دیموکراتی مەسیحی | ١٨١ | ٢٣٨ | ٥٧ | ٠ |
| 24 | نوبار سیپان غەریب | ٢٤٢ | ٢٩٠ | ٤٨ | ٠ |
| 25 | ادکار هاکوب | ٣٧٣ | ٤٣٩ | ٦٦ | ٠ |
| 26 | ئارام بوزو حمو | ٤٦٣ | ٦١١ | ١٤٨ | ٠ |
| 27 | مراد ماردروس وارتان | ٣٤٦ | ٤٢٥ | ٧٩ | ٠ |
| 28 | یروانت نیسان مارکوس | ٤٩٤ | ٥٩٠ | ٩٦ | ٠ |
| 29 | فاهیك كمال سرانیان | ٤٨٩ | ٦١٥ | ١٢٦ | ١ |
| | سەرجەم | ١.٣٧٩.٢٨٦ | ١.٥٦٩.١٤٨ | ١٩٠.٦٩٣ | ١١١ |

ئەوەی لەراگەیاندنی ئەو ئەنجامانەدا جێگەی سەر سوڕمان و تێبینی و رەخنەی قەوارەكانە ئەوەیە كە:

١-دەنگی قەوارەكان لەگەڵ كاندیدەكاندا هاوتا نیە، مەبەستیش ئەوەیە كە لەكاتی سوتاندنی دەنگی سندوقە قردێلە سورەكاندا ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە كە هەمان ئەو دەنگانە بسوتێنرێت لەو سندوقانەدا بەدەنگی كاندید و قەوارەوە، بەڵكو دەنگی سوتێنراو تەنها لە قەوارەكان سوتێنراوە، ئەمەش بۆتەمایەی ئەوەی كە پێشێلی یاسا بكرێت و بەنایاسایی دەنگ بۆ كاندیدەكان زیادبكرێت یا كەم بكرێتەوە، ئەگەر یاسا هەبێت و دادگایەكی راستەقینە هەبێت ریزبەندی سەرجەم كاندیدە دەرچووەكان گۆڕانكاری بەسەردا دێت و كاندید هەیە دەرچووە لەئەنجامی پێداچوونەوە دەرناچێت و كاندیدیش هەیە دەرنەچووە لە ئەنجامەكەی كۆمسیۆندا بە پێداچوونەوە دەردەچێت.

٢-دەنگی چەند قەوارەیەك لەبری زیادبوون بە رێژەیەكی زۆر كەمی كردووە، كە ئەمەش جێگەی سەرسوڕمانە دەنگیان لە رێژەی ٨٥٪ زیاتر بێت وەك ١٠٠٪.

**ئەو لیستانەی لە داوی راگەیاندنی ١٠٠٪ دەنگیان كەمی كردووە:**

| ژ | ناوی لیست | ژمارەی دەنگی ١٠/٤ | ژمارەی دەنگی ١٠/٢٠ | جیاوازی دەنگ | كورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هاوپەیمانی بۆ دیموكراسی و دادپەروەری | ٦٨٨٦ | ٢٩٨٣ | ٣٩٠٣ | ٠ |
| 2 | لیستی توركمانی دیموكراتی | ٦٢٨ | ٢٩٨ | ٣٣٠ | ٠ |
| 3 | ابناو النهرين | ٣٠١ | ١٠٨ | ١٩٣ | ٠ |
| | **سەرجەم** | **٧٨١٥** | **٣٣٨٩** | **٤٤٢٦** | . |

٣-هەڵە لە راگەیاندنی ناوی چەند كاندیدێك هەبوو، بۆ نمونە:

- كۆمسیۆن رایگەیاند كاندیدێك بەناوی (ئامینە محمد) لە لیستی گۆڕاندا دەرچووە، لەكاتێكدا ناوبراو هەر بەشداری هەڵبژاردنیشی نەكردبووەو پێشتر كشابوویەوە، كەچی كۆمسیۆن بەفەرمی ناوەكەی راگەیاند كە دەرچووەو گوایە (٣،٣٧٨) دەنگەی هێناوە. لەراستیدا ئەوە (ئامینە محمد) نیە بەڵكو ئەوەی دەرچووە (د.شایان عەسكەری)ە كە بەو ریزبەندیە ئەو دەنگەی هێناوە.

-كۆمسیۆن رایگەیاند كاندیدێك بە ناوی (شوكریە شێخانی) لە لیستی كۆمەڵی ئیسلامی (١٠٠٥) دەنگەی هێناوەو دەرچووە، ئەمە لەكاتێكدا كەسێكی ترە بە ناوی (روپاك احمد رحمان) نەك شوكریە شێخانی.

# سکاڵاکان

ئەو لیژنەیەی لە کۆمسیۆنی راسپێردرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان پرۆسەکەی تەواوکرد و بە راپۆرتێك پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کرد.

سەرۆکی لیژنەی باڵای سکاڵاکان لە کۆمسیۆن وتی: بەشێکی زۆر لە سکاڵاکان لەسەر هێرشکردن یان چوونە ناو بنکەکان و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە تۆمارکرابوو، بەشێکیشی لەسەر دەستبەسەراگرتنی ژمارەیەك بنکە بووە لەلایەن ژمارەیەك چەکدارەوە، کە ئەوان لەو کارانە خۆشنابن و ئەنجومەن دەبێت بە بەرپرسیارێتییەوە بڕیار لەسەر سکاڵاکان بدات.

شیروان زرار وتەبێژی کۆمسیۆن، ئەوەی خستەروو، بەشی زۆری سکاڵاکان پەیوەندییان بە چونە ژوورەوەی هێزە ئەمنییەکان هەیە بۆ ناو بنکەکانی دەنگدان، یان ئەوەی کۆمسیۆن نەیتوانیوە خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو بنکانەی کردبێت، یان ئەوەی لە دەرەوەی بنکەکان تەقەکراوە و خەڵك ترساوە و بەشداری دەنگدانی نەکردووە.[١]

ئیسماعیل خورماڵی بڕیاردەری کۆمسیۆن ڕایگەیاند، پرۆسەی پێداچوونەوە بە سکاڵاکانی سەر سندوقەکانی دەنگدان کۆتاییهاتووە و چاوەڕێدەکەن پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگی ناو سندوقە سکاڵا لەسەرەکان دەستپێبکات. زیاتر لە یەك هەزار سکاڵای سەر سندوقەکان کاری پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە و ٣٠٠ سندوقیش قردێلەی سوری لەسەرە، وا بڕیارە پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی ناوی دەستپێکات. ناوبراو روونیکردەوە، دوای گفتوگۆی کۆمسیۆن بڕیاردرا ئەگەر هێزی چەکدار چووبێتە هەر بنکەیەك و بە زۆر دەنگیان دابێت دەنگەکانی ئەو بنکەیە بە گشتیی پوچەڵبکرێنەوە، "پێشنیازمان کردووە کە تەنها دەنگی ئەو حزبانە پوچەڵبکرێتەوە کە سکاڵایان لەسەرەو ئێستا گفتوگۆی ئەو بابەتە دەکەین". هەروەها ڕایگەیاند، پێدەچێت لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە سندوقەکان ژمارەیەك لەو سندوقانەی کە قردێلەی سەوزیشیان لەسەرە بگۆڕین بۆ قردێلەی سور و زیاتر بکەونە ژێر لێکۆڵینەوە.[٢]

بەپێی بڕیاری ژمارە (٦٢)ی کۆمسیۆن کە لە ٢٠١٨/١٠/٢٠ دەرچووە، قەوارە سیاسیەکان (٧٨١) سکاڵایان پێشکەش بە کۆمسیۆن کردووە، لەوانە بەپێی بڕیارەکەی کۆمسیۆن (٦١٤) سکاڵای رەت کردۆتەوە بە بیانوی ئەوەی کاریگەریان نەبووە لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و هەروەها (١٦٧) سکاڵای پەسەند کردووە کە بۆتە مایەی هەژمارنەکردنی (٩٦) بنکەی دەنگدان کە (١١٩٦١٧) دەنگی لەخۆگرتبوو هەڵوەشایەوە و ئەژمار نەکرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(١) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7555&MapID=1
(٢) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7258&MapID=1

**یەکەم : پارێزگای هەولێر (٥٩) بنکەی دەنگدان :**

| ژ | ناوی بنکە | ژ.بنکە |
|---|---|---|
| ١. | حامورابی | ١٢١٢٠٢ |
| ٢. | شکۆفە | ٢٢٠٤٠٦ |
| ٣. | لافان(سۆران) | ٢٢٢٦٠٨ |
| ٤. | حسن نجار | ٢٢٠٠٠٤ |
| ٥. | سەرسەنگ | ٤٢٠٢٠٤ |
| ٦. | دیلانی بنەرەتی | ٢٢٠٢٠٦ |
| ٧. | سەردەم(سۆران) | ١٢٢٦٠٦ |
| ٨. | تەندروستی هەرێم | ٣٢٢٦٠٣ |
| ٩. | دلدار | ٣٢٢٦٠٨ |
| ١٠. | رۆشنایی | ١٢٠٧٠٤ |
| ١١. | مەلای گەورە | ٢٢١٧٠٣ |
| ١٢. | شوانی بنەرەتی | ١٢١٦١٣ |
| ١٣. | سێگردکان | ١٢١٨٢٧ |
| ١٤. | پێشکەوتن | ٢٢٠١٠٧ |
| ١٥. | پیشـــانگای هەولیـــری نیودەولەتی | ٢٢٠١٠٥ |
| ١٦. | هەلالە | ٢٢٠١٠٤ |
| ١٧. | شایستە | ٤٢٠١٠٥ |
| ١٨. | ئانا لیندا | ١٢٠١١٠ |
| ١٩. | سەرکەندی خەیلانی | ٢٢٢٣٠٥ |
| ٢٠. | قازی محمد | ٢٢٠٢٠٣ |
| ٢١. | دیدەوان بحرکە | ٢٢١٣٠٤ |
| ٢٢. | پێشەوا/ئازادی | ١٢٠٦٠٢ |
| ٢٣. | سەرچنار | ٥٢٠٣٠٤ |
| ٢٤. | بێ کەس | ٢٢٠٣٠٣ |
| ٢٥. | سکتان | ٢٢١٧٠٦ |
| ٢٦. | لێزان | ٢٢١٣٠٧ |
| ٢٧. | گردی جوتیار | ١٢١٣٠٩ |
| ٢٨. | گولستان | ١٢١٦١٥ |
| ٢٩. | شێخ سعیدی پیران | ١٢٠٧٠٧ |
| ٣٠. | هەردی کچان | ٢٢١٦٠٢ |
| ٣١. | سەرباغ/کۆیە | ٢٢١٧٠٩ |
| ٣٢. | باواجی | ١٢١٧٠٤ |
| ٣٣. | چرا | ٣٢١٧٠٥ |
| ٣٤. | هەرمۆتە | ١٢١٧٠٧ |
| ٣٥. | راژان(رازان) | ١٢١٤٠٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٦. | هاواری بنەرەتی | ٤٢٠١٠٦ |
| ٣٧. | کانی/کۆیە | ١٢١٧٠٧ |
| ٣٨. | سەنگین/کوران | ١٢٠٧٠٢ |
| ٣٩. | حاجی قادر | ١٢١٧٠١ |
| ٤٠. | زانست/کۆیە | ١٢١٧٠٣ |
| ٤١. | نەبەز | ١٢٠٧٠١ |
| ٤٢. | سەهەند | ٣٢٢٦٠٧ |
| ٤٣. | گۆلان | ٤٢٠٣٠١ |
| ٤٤. | ابن مستوفی | ٤٢٠١٠٧ |
| ٤٥. | حەمدی | ١٢٠٧٠٣ |
| ٤٦. | خەجەباوە | ٣٢٠٣٠١ |
| ٤٧. | مەولەوی | ١٢١١٠٢ |
| ٤٨. | رۆژ | ٣٢٠٣٠٦ |
| ٤٩. | سەلجوق | ٢٢١٠٠١ |
| ٥٠. | جواهری | ٣٢٠١٠٦ |
| ٥١. | چوارچرا | ٢٢٠٢٠٤ |
| ٥٢. | هەکاری | ٣٢٠٢٠١ |
| ٥٣. | دیاکۆ | ٤٢٠٣٠٥ |
| ٥٤. | میدیا | ٣٢١١٠٣ |
| ٥٥. | هەلۆی بنەرەتی | ٣٢٠١٥٠ |
| ٥٦. | یەکیەتی بنەرەتی | ٣٢١٧٥٠ |
| ٥٧. | کۆیەی کوران | ١٢١٧٥٠ |
| ٥٨ | قەشتەپە | ١٢١٥٥٠ |
| ٥٩. | بارزانی نەمر | ١٢٠٦٠١ |

**دووه م : پارێزگای سلێمانی( ٢٧ ) بنکەی دەنگدان :**

| ژ | ناوی بنکە | ژ.بنکە |
|---|---|---|
| ١. | جواهری | ٤٢٦٦٠٤ |
| ٢. | ماوەت | ١٢٩٧٠١ |
| ٣. | مهاباد | ١٢٦١٠٣ |
| ٤. | ئامادەی بازرگانی سەیوان | ٤٢٦٦٠٦ |
| ٥. | ئارامی بنەرەتی | ١٢٨٥٠١ |
| ٦. | شاروی بنەرەتی | ٢٢٦٥٠٢ |
| ٧. | هەڵشۆ | ٤٢٨٩٠١ |
| ٨. | قازی محمد | ١٢٧٠٠١ |
| ٩. | هەوری کچان | ١٢٦٣٠٩ |
| ١٠. | قەیوانی بنەرتی | ١٢٦٥٠٣ |
| ١١. | یەکیەتی کچان رانیە | ١٢٨٧٠٢ |
| ١٢. | سەرچناری بنەرەتی | ١٢٧٠٠٨ |
| ١٣. | خەرمانانی کچان | ٢٢٦٢٠٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤. | زەرگەتەی بنەرەتی | ١٢٦٥٠١ |
| ١٥. | زاموا | ١٢٧٠٠٤ |
| ١٦. | بنگرد، کەلار | ١٢٧٥٠٧ |
| ١٧. | رەنگینی کچان | ١٢٦٦٠٥ |
| ١٨. | بدرخان | ٢٢٧٥١٠ |
| ١٩. | برادۆست | ٢٢٦٤٠٥ |
| ٢٠. | مەریوان | ١٢٧٦٠١ |
| ٢١. | شێروانە/کەلار | ٤٢٧٥٠٦ |
| ٢٢. | کەلاری کۆن | ٤٢٧٥٠١ |
| ٢٣. | رەزبەر | ٢٢٦٨٠٤ |
| ٢٤. | سیروانی نوێ | ١٢٦٨٠٥ |
| ٢٥. | کامران موکری | ١٢٦١٠٨ |
| ٢٦. | پەیمانگای کۆمپیوەر | ٢٢٦٤٠٧ |
| ٢٧. | گەلاوێژ/ رانیە | ١٢٨٦٥٠ |

**سێیەم : پارێزگای دهۆك (١١) بنكەی دەنگدان :**

| ژ | ناوی بنكە | ژ.بنكە |
|---|---|---|
| ١. | وولات | ٢٢٣٣٠٢ |
| ٢. | سربی(شیلادزێ) | ١٢٤٦٠٢ |
| ٣. | پێ بزنێ | ١٢٤٥١٠ |
| ٤. | کوماتا | ١٢٣٦٠٢ |
| ٥. | سەرۆک | ٢٢٣٢٠١ |
| ٦. | ١٤ ئازار | ٨٢٣١٠٢ |
| ٧. | شەهیدان | ١٢٣٦٠٤ |
| ٨. | بەردەرەش | ١٢٤٣٠٥ |
| ٩. | سەرسەنگ | ٣٢٣٥٥٠ |
| ١٠. | قوباد | ١٢٣٧٥٠ |
| ١١. | شالین | ١٢٣٣٥٠ |

ئەوەی تێبینی دەكرێت لەو لیستەی سەرەوەدا:

١–زۆرترین بنكەی سوتاو لە پارێزگای هەولێرە كە (٥٩) بنكەیە، ئینجا پارێزگای سلێمانی (٢٧) بنكە و دواتر پارێزگای دهۆك دێت كە (١١) بنكەیە.

٢–ئەگەر بەپێی زۆنی ژێر دەسەلاتی هەریەك لە پارتی و یەكێتیش تێی بڕوانین، (٥٨) بنكە دەكەوێتە ژێر دەسەلاتی پارتیەوە كە هەولێر و دهۆك دەگرێتەوەو (٣٩) بنكەش دەكەوێتە ژێر دەسەلاتی یەكێتیەوە كە سلێمانی دەگرێتەوە.

٣–هیچ بنكەیەك لە پارێزگای هەڵەبجە نەسوتێنراوە.

دوابەدوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان چوار کۆمسیار کە نوێنەرایەتی لایەنەکانی (گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو) دەکەن بەبەیاننامەیەك رایانگەیاند: ئەنجومەنی کۆمسیاران دەستەوەسان بوو لەبەدهێنانی نیمچە دادگەری و نەیان توانی سکاڵاکان بە شیوەیەك یەکلای بکەنەوە دەنگی راستی لە دەنگی ساختە جیا بکەنەوە .

هەروەها وتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم، رایدەگەیەنێت" بەدەر لە عورف کۆبونەوەکانی کۆمسیۆن و بە ئیعازی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی شەوی رابردوو بەپەلە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان راگەیەنرا، دەشڵێت: وەك چوار ئەندامەکەی کۆمسیاران داوایان کردبوو راگەیەندنی ئەنجامەکان بخرێتە ئەمڕۆ، بەڵام ئەوەیان نەکرد، چونکە دەیانزانی بە یەکلاکردنەوەی فۆڕمی سکاڵاکان ئەنجامەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە جۆرێك لە بەرژەوەندی دوو حیزبی دەسەڵات نابێت.

هەر بەمەبەستی بەدواداچوونی دۆسیەی ساختەکردنی هەزاران رەگەزنامە و ناسنامەی عێراقیی لەلایەن یەکێتی و پارتی بۆ دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەرسێ فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ و کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق بە هاوبەشیی نامەیەکیان ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق کرد. لەو نامەیەدا بۆ (قاسم ئەعرەجی) وەزیری ناوخۆی عێراق، هەرسێ فراکسیۆنی گۆڕان و نەوەی نوێ و کۆمەڵ دەنووسن: "ئێوە لە بابەتێکی هەستیار ئاگادار دەکەینەوە، ئەویش ساختەکردنی دەیان هەزار رەگەزنامە و ناسنامەی عێراقییە لە لایەن هەردوو حزبی یەکێتی و پارتییەوە، کە لە تۆمارە فەرمییەکاندا تۆمار نەکراون و بێ پێشینەن". ئەو سێ فراکسیۆنە ئاماژەیان بەمەترسیی ئەو ساختەکاریانە لەسەر ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق کردووە کە چۆن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان یارییان بە ئەنجامەکانی دەنگ و ئیرادەی راستەقینەی خەڵکی کوردستان کردووە. هەربۆیە، بەپێویستی دەزانن بەپەلە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە پێکبهێندرێت و ئامادەیی خۆیشیان دەربڕیوە لەو بارەیەوە هاوکاریی حکومەتی عێراق بکەن.

لە لێدوانێکیدا ئەحمەدی حاجی ڕەشید سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق روونیکردەوە کە دوابەدوای گەیشتنی نامەکە، لەگەڵ وەزیری ناوخۆی عێراق کۆدەبنەوە و بەدواداچوونی زیاتر بۆ ئەو بابەتە دەکەن. کە بەپێی زانیاریی چاودێرانی سەر سندوقەکانی دەنگدان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان، پارتی و یەکێتی "بەمەبەستی ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستاندا، هەزاران رەگەزنامە و ناسنامەی ساختەیان بۆ لایەنگرانی خۆیان دروستکردووە. [1]

(تر) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7299&MapID=1

# ئەوانەی دەڵێن ساختەکاری کراوە کێن؟

## یەکەم: حزبە سیاسیەکان:

### ١-یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

سەرلەئێوارەی رۆژی ٩/٣٠ کاتژمێر ٧ دوای ئەژمارکردنی دەنگەکان لە بنکەو وێستگەکاندا، سەعدی ئەحمەد پیرە، وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆمیدیاکانی حزبەکەی رایگەیاند، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تەزویرێکی بێ وێنەکراوە. راشیگەیاند، مەکتەبی سیاسی و جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بڕیاریانداوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە قبوڵ نەکەن، داواشی لەچاودێرانی حیزبەکەی کرد، واژوو لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن نەکەن و ناوەندەکانی دەنگدان جێبهێڵن.




سەعدی ئەحمەد پیرە رایگەیاند کە ئاماژەی زۆر مەترسیدار هەن و هەڕەشە لە دیموکراسی و پرۆسەی سیاسی و هەوڵو ماندوبونی لایەنە سیاسییەکان بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات لە هەرێمێکی کوردستانی سەقامگیر و دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەن. وتیشی: ئەم تەزویرەی کە کراوە بێ وێنەیە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە جێگری سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی بڕیاری ئەوەمانداوە کە مومکین نییە ئەم ئەنجامە قبوڵ بکەین و هەمووی رەتدەکەینەوە. وتەبێژی یەکێتی بەپێویستیشی زانی کە هەرچی زووە لایەنە سیاسییەکان بۆ تاوتوێکردنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە دابنیشن و بە ئەعسابێکی سارد و بە پەرۆش و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەو بابەتە لێك بدەنەوە. وتیشی: "ئێمە زانیاریمان لە دوێنێوە هەبوو و فەرمانگەکانی باری شارستانی و داخرابوون و چواردەوریان بە ئاسایش گیرابوو کەس هاتوچۆی نەدەکرد، بەڵام لەناو فەرمانگەکە چی دەقەوما..نازانین، وە ئەنجامەکەی ئەمڕۆ دیارە کە بەکاردەهێنرێت بە شێوەیەکی ناڕەوا، بۆیە ناکرێت ئەو ئەنجامانە قبوڵ بکەین".[1]

---

(1) https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=7760
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=126881

# میدیاکانی یەکێتی هەواڵی ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان سڕییەوە




سکرین شۆتی هەواڵێکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە تیایدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن وتەبێژی یەکێتییەوە ڕەتدەکرێتەوە

بەڵام جێگەی تێڕامانە پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێك بەسەر ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایـەن یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتانەوە، میـدیا و پەیجـەکانی ئـەو حزبـە هەواڵەکـەیان لابـردووە. دواتـر لـەزاری قوبـاد تاڵـەبانی بڵاویانکردەوە، هێشتا زووە ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵبکەن یاخود ڕەتی بکەنەوە.[1]

(هـەژار محەمـەد) لێپرسـراوی بەشـی هەڵبـژاردن لەمەڵبەنـدی (٣)ی ڕێکخسـتنی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لەشاری هەولێر چەند زانیارییەکی خستە ڕوو و ئاشکراشـی کـرد کـە لەچـەند ناوچـەیەکی هـەولێر "ڕێـژەی دەنگـدانی سندوقەکانی گەیشتۆتە لە ١١٠٪ بۆ ١١٥٪دەنگدان لەبەرژەوەندی لایەنێکی دیـاریکراو" و ڕاشـیدەگەیەنێت ئەگـەر ئـەو دەنگانـــە ڕەتبکرێنـــەوە کاریگـــەری لەســـەر کەمبوونـــەوەی دەنگـــی لایـــەنێکی سیاســـی دەبێـــت بەتایبـــەت لەسنورەکانی "مێرگەسور و بلە و بارزان". ئاشکراشیکرد،"چەند سندوقێك هەیە کە لەناوچـەکانی مێرگەسـور و بلـە و بارزان ڕێژەی دەنگدان تێیدا گەیشتۆتە لـە١١٠٪ بـۆ ١١٥٪ی دەنگدان لەبەرژەوەنـدی لایـەنێکی سیاسـی دیـاریکراو". وتیشی: ئەگەر چارەنووسی ئەو سندوقانە یەکلابکرێنەوە گۆڕانکاری ڕوودەدات بەتایبـەت کـە هـەر سـندوقێك نزیکـەی ٥٠٠ دەنگ زیاتر لەخۆ دەگرێت و ژمارەی سندوقەکانیش کە ئەو گرفتەیان هەبووە زۆرن".[2]

---

http://www.westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=62808&Jor=1
(ت) http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/3009201829
(ی) http://snnc.co/News.aspx?id=34046&MapID=1

هـەروەها (سـامان گـەرمیانی) ئەنـدامی سـەرکردایەتی یـەکێتی نیشـتیمانی لـەبارەی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردستانەوە بە دەنگی ئەمـەریکا: "تـەزویر و سـاختەکاری کـراوە و چـاوەڕێی ئـەنجامی هەڵبـژاردنین، بـەڵام لەگـەڵ بەردەوامی دانداین بە ئاشتی و دیموکراسی". [1]

هەروەها سـەرلەبەیانی شـەممە (٦ی تشـرینی یەکـەمی ٢٠١٨) ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی یـەکێتیی بـە سەرپەرشـتیی کۆسرەت رەسول عـەلی جێگـری سـکرتێری گشـتیی ئـەو حزبـە لـە شـاری سـلێمانی کۆبـووەوە و رایگەیاند کـە: یـەکێتی ساختەکاریی لە هەڵبژاردندا بە کـارێکی نایاسـایی دادەنێت وئەنجومـەنی سـەرکردایەتی ئـەو حزبـە باسـی لـەوە کـردووە، "هەموو جۆرە ساختەکارییەك بە کارێکی نایاسایی و دژ بە بنەماکانی دیموکراسی و مـافی مـرۆڤ دەزانـین، لـە هـەمان کاتـدا هــەموو جــۆرە چەواشــەکارییەك بــۆ شــێواندنی ڕاســتییەکان و هــەموو پــەلاماردانێك بــۆ ســەر یــەکێتی بــە تونــدی ڕەتدەکەینەوە."[2]

## ٢-پارتی دیموکراتی کوردستان:

مەحموود محەمەد وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکرتی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا رایگەیاند: "لـە سـۆنگەی پابەنـدیی تەواومان بە ڕێنومایییەکانی کۆمسیۆن، رایدەگەیەنین کە سکاڵاکانمان لەسەر کۆی ئەو خروقـات وسەرپێچـیانەی لـە هەنـدێ شوێن روویاندا بە رێگەی ئوسوڵی خۆیدا تۆمار کردووە و بە دوایدا دەچین و لەوەشـدا نـە پـێش روداوەکـان دەکـەوین و نـە تۆمەتی پێش وەختەش دەبەشینەوە".

هەروەها وتی: "سەرلەبەری ئەو تۆمەتانـە و شـێوازی رقـاوی و هەڵەشـانەی گوتەبێژەکـەی یـەکێتی کـە لـە نێوخـۆی حزبەکەی خۆشیدا زۆر بڕی نەکرد و بۆی راسـتکرایەوە، رەت دەکەینـەوە، هیـوادارین ئـەو شـڵەژان و تورەییـە، کاردانـەوە نەبێت بەرامبەر رێکارە تونـد و رێنومایییـە وردەکـانی کۆمسـیۆن کـە مـەجالی تـەزویر و سـاختەکاریی فـراوان و مونـەزەمی بەرتەسککردەوە، یاخود هەوڵێك نـەبێ بـۆ شـاردنەوە و پەردەپۆشـی خروقـات و سەرپێچـییەکان لـە رێـی تۆمـەتبارکردنی خەڵکی دیکەوە" . [3]

هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی لەسەر ساختەکارییەکانی هەڵبـژاردن لـە شـاری سلێمانی بڵاو کردەوە. لەو ڕاگەیاندراوەدا ئاماژە بەو پێشێلکارییانە درا کە لە سـلێمانی و لەلایـەن حزبێکـی کوردسـتانەوە هەوڵیان بۆ دراوە. هاوکات پشتیوانیش بۆ کۆمسیۆن و ڕێنمایی و بڕیارەکانی کۆمسیۆن دووپات کراوەتەوە.

لە پرێس کۆنفرانسێکدا عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژی ئەنجومەنی سـەرکردایەتیی پـارتی لـە سـلێمانی و هەڵەبجـە کـە ڕاگەیاندراوەکەی خوێندەوە، وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی دایەوە و ڕایگەیاند: ”هەر هێزێکی سیاسی بیەوێ بـە تـەزویر دەنگـی خەڵك بەرێت، دواتر خزمەتی خـەڵك ناکـات. و وتـی: دوای ئـەو بەیاننامەیـە ئێمـە ڕێ لـەو پێشـێلکارییانە دەگـرین، نـاکرێ کارمەندی کۆمسیۆن دەربکرێ و خـەڵکی بخرێتـە شـوێنی و دەنـگ بـدرێ، ئەمـە پرۆسـەی دەنگدان نییـە و هـەر هێزێکـی سیاسی بێڕێزی بە ئیرادەی خەڵك بکات، هێزێکی ترسنۆکن و خەڵك سزایان دەدات. دووپاتیشی کردەوە ، کە لـە سـلێمانی

---

[1] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=127411
[2] http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7184&MapID=1
[3] http://hawlati.co/page_detail?smart-id=d3295

ئاژاوەیەکیان درووست کردووە و هێزی ئەمنی چاودێریی هەڵبژاردنی کردووە، بۆیە ڕێژەی بەشداریی خەڵك لە سلێمانی کەم بووە. [1]

لە لایەکی ترەوە خەسرەو گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "لە زۆر شوێن خروقات کراوە، نموونەی کۆیە و سلێمانی، لێدان و دەرکردنی چاودێری لایەنی سیاسی، ئەمە پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنە". هەروەها ناوبراو وتی: "ئومێد دەکەین کۆمسیۆن بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ سکاڵای لایەنە سیاسییەکان بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ لیست و قەوارەیەکی سیاسی". وتیشی "سکاڵاکانی ئێمە لەو شوێنە بووە کە ساختە کراوە، هەروەها کاتێ تەعەددا لە چاودێرانمان کرابێ سکاڵامان تۆمار کردووە، دەبێ پابەندی ئەو ئەنجامانە بین کە کۆمسیۆن ڕایدەگەیەنێ، ئەوە کۆمسیۆنە کە دەتوانێ ئەنجامەکانی چ شوێنێك قەبووڵ ناکات، نەك لایەنەکان". [2]

هەر خەسرەو گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی رایگەیاند: بەهۆی ساختەکارییەوە ١٠٠ تانەو سکالامان لە کۆمسیۆن تۆمارکردووە لەهەندێك شوێن بریکارەکانی کۆمسیۆن لێیاندراوە. [3]

## ٣-بزوتنەوەی گۆڕان:

(عەلی حەمە سالح) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان رایگەیاند: بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژوویدان و نابێت ئەنجامی ساختەی هەڵبژاردنی پەرلەمان قبوڵبکەن. ناوبراو باس لە ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات لەلایەن دوو حزبی دەسەڵاتدارەوە. دەڵێت "دەسەڵاتداران نزیکەی ٢٥٠ هەزار ناسنامەی ساختەیان دروستکردووە و لە سلێمانیش ڕێژەی دەنگدان لە ٣٥٪وە بۆ ٥٥٪ گۆڕاوە."

ناوبراو بە گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو دەڵێت "ئێوە پشتیوانی چوار کۆمسیارتان کردووە، قبوڵکردنی ساختەکاری و زوڵم ئێستا لەدەستی ئەواندایە. دەتوانن زوڵم و ساختەکاری ڕەتبکەنەوە و ئومێد بۆ خەڵك و بەها بۆ هەڵبژاردن بگەڕێننەوە." دووپاتیشدەکاتەوە کە ئەمە هەڵبژاردن نەبووە و "گاڵتەجاڕی" بووە بە هەڵبژاردن. ئەوەشی وتووە " لە هەندێك بنکە لە کۆیە و شەقلاوە ڕێژەی بەشداری ١٢٠٪ بووە، بەڵگە لەبەردەستە مولازمی ئاسایش لە هەولێر بە چەکدارەوە هاتووە و چەندین جار دەنگی داوەو وتوویەتی هەرکەس قسە بکات بێسەروشوێنی دەکەین." ڕوونیشیکردووەتەوە، ئەو چوار نوێنەرەی ئەم سێ هێزە ئەگەر واژوو لەسەر ئەنجامەکان نەکەن پەسەند ناکرێت، ئەگەر واژووش بکەن بەشێك دەبن لەو تاوانە گەورەی دەسەڵات کردوویەتی. [4]

لەلایەکی ترەوە (بێستوون فایەق) پەرلەمانتاری کوردستان لەمیانی نووسینێك، کە لەئەژماری تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بڵاویکردبووەوە نووسیبووی: "ئەمشەو ژمارەیەکی زۆر (جنسیە عێراقی ) و (هویە احوال مدنی) پڕنەکراوە لەبەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی سلێمانی دوو، کە تایبەتە بە سنووری ئیدارەی گەرمیان و

(تر) https://www.kurdistantv.net/ar/node/28037
(2) http://hawlati.co/page_detail?smart-id=d3297
(3) https://www.dwarozh.net/details.aspx?jimare=83726
(ئم) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7110&MapID=1

بارەگاکەی لەکەلارە براوە". ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی نووسیبوو: "شەوی رابردوو چەند ئەفسەرێك کلیلی ئەو ژوورانەی کە ئەو بەڵگە نامانەی تێدایە لە کارمەندەکانی بەشەکە وەردەگرن و هەموو بەڵگەکان دەبەن، ئەمە مەترسییەکی ئێجگار گەورەیەو لەئێستاوە هەڵبژاردن نەك تەنیا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو پێناسەکەشی لە کوردستان لە بنەمای دیموکراسیەوە دەگۆڕێ بۆ گاڵتەجاڕی". هەروەها ئاشکرایکردووە، لایەنی پەیوەندیداریان ئاگادارکردووەتەوەو دەڵێت: "ئێمە بە فەرمی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و عێراقمان لەم فەزاحەتە ئاگادار کردووەتەوە".[1]

## ٤-یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان:

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە راگەیەندراوێکدا بلاویکردووەتەوە، بەمەبەستی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستا ڕۆژی شەممە (٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨) بە سەرپەرشتی سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتیی حزبەکەیان کۆبوونەیەکی نائاساییان ئەنجامدا. لەو کۆبوونەوەیەدا یەکگرتووی ئیسلامی ئەنجامی سەرەتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی رەتکردەوە و رایگەیاند، زیادکردنی ریژەی دەنگی لایەنەکانی دەسەلات بە شێوەیەکی نایاسایی دوورە لە پێوەرەکانی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ.

هەروەها ئێوارەی رۆژی ٢٠١٨/١٠/٧ سەلاحەدین بەهادین، ئەمینداری گشتی لەگەڵ شاندێکی باڵای کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ کۆبوونەتەوە، لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردووە. لەڕاگەیەنراوێکدا کە بلاویان کردەوە، هەردوولا هاوڕابوون کە پارتە دەسەلاتدارەکانی هەرێم "لە رێگای ساختەکاریەوە رێژەی دەنگدانیان بەرزکردەوە و دەرئەنجامەکانیان بە قازانجی خۆیان گۆڕی و هێندەی دیکە گیانی نا ئومێدیان بەئەزمونی سیاسی هەرێم لە ناو هاولاتیان قولکردەوە".[2]

لەلایەکی تروە دوای راگەیاندنی ئەنجامە گشتیەکان، دیسانەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: دوای چاوەڕوانیەکی زۆر و تێپەڕبوونی سێ هەفتە بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی ٩ ی ٢٠١٨ دا ، بەهۆی زۆری پێشێلکاریەکان و ساختە کاریەکانی دوو لایەنەکەی دەسەلاتەوە ، سەرئەنجام کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم کە نەیتوانی متمانەی ئەنجومەنی کۆمسیاران بەدەست بهێنێ ، بەڵکو زۆرینەیەکی سادە و بەشێوەیەکی کرچ و کاڵ و لە نیوە شەودا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند". ئەوەشیان خستوەتەروو، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن پەسەند ناکەن "ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نیگەرانی و ناڕەزایی خۆمان ڕادەگەیەنین و ئەم ئەنجامانە پەسەند ناکەین و تانەیان لێ دەدەین و هەموو ڕێکارێکی یاسایی بۆ ڕەتکردنەوەی دەگرینە بەر".

---

(١) https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=126936

(٢) https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=127409

http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7229&MapID=1

## ٥-کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان:

هاوژین عومەر بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاند کە: "لە سەرتاسەری هەرێم دوو حزبی دەسەلات ساختەکاریان کردووە و سکالاو تانەشیان هەیە". [١]

هەروەها عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆی رۆژی یەکشەممە (٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨) لە ڕاگەیەیندراوێکدا بلاویکردووەتەوە لە سەردانێکدا بۆلای سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، گفتوگۆیان کردووە دەربارەی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلولی پەرلەمانی کوردستان. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە " هەردوولا هاوڕابوون کە پارتە دەستەلاتدارەکانی هەرێم لە ڕێگای ساختەکارییەوە ڕێژەی دەنگدانیان بەرزکردەوەو دەرئەنجامەکانیان بە قازانجی خۆیان گۆڕییو هێندەی تر گیانی نائومێدیان بەئەزموونی سیاسیی هەرێم لە ناو هاووڵاتییان قووڵکردەوە، لە کاتێکدا کە ٥٠٪ی هاووڵاتییان بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنی (٩/٣٠)یان کرد". بە پێویستیشیان زانیووە کە خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە بزانن و کۆمسیۆنی هەرێمیش هەڵوێستەی لەسەر بکات و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو پێشێلکارییە بخاتەڕوو. [٢]

## ٦-نەوەی نوێ:

شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جووڵانەوەی نەوەی نوێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەڵوێستی جووڵانەوەکەی لە بارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئاشکراکرد و وتی، "لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بە ڕەگەزنامە و ناسنامەی ساختەوە دەنگدراوە و سندوقی ئامادەکرا و لە جێی سندوقی ڕاستەقینە دانراوە و چاودێری لایەنەکان و کارمەندانی کۆمسیۆن دەرکراون، هیوای ئەوەشیخواست، هێزەکانی دەرەوەی دەسەلات لەگەڵ هەڵوێستەکەی نەوەی نوێدا بن و بایکۆتی خولی پێنجەمی پەرلەمان بکەن. [٣]

دوای ڕاگەیاندنی ١٠٠٪ی ئەنجامە بەرایییەکانیش، ڕۆژی ١٠/٢١، جولانەوەی نەوەی نوێ ڕاگەیەندراوێکی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بلاوکردەوە و ڕایگەیاند: "ئەم ئەنجامە گاڵتەجارییە ڕاگەیاندراوانە، کە پارتی ٤٥ کورسی و یەکێتیی ٢١ کورسی–یان هێناوە، هەڵبژاردنە گاڵتەجارییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٢ی عێراقمان بیردەخاتەوە، کە ١٠٠٪ دەنگدەرانی عێراق بەشدارییان تێدا کرد و سەدام حسێنیش ڕێژەی ١٠٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەلام دوای کەمتر لە ساڵێك کۆتایی بە دەسەلاتەکەی هێنرا. بۆیە، چەندە دەنگەکانی ئەوکاتی سەدام حسێن ڕاست بوون، دەنگەکانی ئێستای پارتی و یەکێتیی و ژمارەی کورسییەکانیشیان، بە هەمان ئەندازە ڕاستن".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "ئێمە لە جولانەوەی نەوەی نوێ، ئەم ئەنجامانە ڕەتدەکەینەوە و بە بەشێك لەو مەهزەلەیەی دەزانین کە ٢٧ ساڵە جوت حزبی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان دا، بۆ سوکایەتیکردن و ساختەکردنی دەنگی ڕاستەقینەی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیدەدەن".

---

(١) http://www.payam.tv/drejey-hewal.aspx?id=47042&LinkID=1

(٢) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7229&MapID=1

(٣) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6998&MapID=1

جولانەوەی نەوەی نوێ ڕاشیگەیاندووە، "بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە گاڵتەجارییە، کە پارتی و یەکێتیی دروستیان کردوە، داوا لە لایەنەکانی دەرەوەی ئەو دوو حزبە دەکەین، گوتاری سیاسییمان یەکخەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە و ڕێگریکردن لەم سوکایەتییەی ٢٧ ساڵە بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان و سادەترین بنەمای دیموکراسی دەکرێن. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "هیوادارین بە زووترین کات هێزەکانی گۆڕان ، کۆمەڵ ، یەکگرتوو هەنگاو بنێن بۆ دروستکردنی ئەم بەرەیە و ڕووبەڕوبونەوەی پارتی و یەکێتی".

## ٧-حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان:

محەمەد حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ سەبارەت بەشێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکە وتی: "لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئومێدمان خواست، هەڵبژاردنێکی باشتر بکرێت لەژێر سایەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو راپرسی ئەو ساختەکارییەی لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا کراوە نەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەهەندێك شوێن لە سەدا ٢٥ تا سەدا ٣٥ دەنگ درابوو، لە دوای کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆوە ڕێژەکە کرایە لەسەدا ٥٦ و زیاتر، ئەوەش شتێکی خراپ بوو مانای وایە واز لە ئەنجامدانی ساختەکاری ناهێنن". ئەو وتیشی: "پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە هاووڵاتیان بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدانو نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ پەرلەمان، ئێستا ماوەی دوو هەفتەیە سەرقاڵی ئەوەن چۆن دەستکاری دەنگەکان بکەن و دەنگی ئەو لایەنانەی ناڕازین بۆیان زیادبکەن و لایەنی تر کەم بکەنەوە". [١]

## ٨-بزوتنەوەی ئیسلامی:

بزووتنەوەی ئیسلامی ڕاگەیەندراوێکی لە بارەی هەڵبژاردنی پەرلەمان بڵاوکردەوە و پرۆسەکە بە ناتەندروست و ساختە ناودەبات. لە ڕاگەیەندراوەکەدا بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێت، کەشی نالەباری ناوچەکە و عێراق هەلێکی زێڕینی داوە بەو دەسەڵاتە گەندەڵ و ساختەچییە هەموو ئەو کارە ساختەکاریانەیان بۆ بچێتەسەر.

هەروەها دەڵێت "ناکرێت لە کەشێکی ئاوەها ناسەقامگیردا ڕێژەی دەنگدان بکرێتە پێوەر بۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستان". لە کۆتاییشدا ڕایگەیاندووە "ئێمە لەکاتێکدا کە تێبینی جدیمان هەیە لە سەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێم، لە هەمان کاتیشدا دەبێت پێداچوونەوەی جدی بە کارەکانی خۆیشماندا بکەین و دەستبخەینەسەر خاڵە لاوازەکانمان و ڕەخنەی جدی بگرین لە ئەدای شێوازی کارمان". [٢]

## ٩-هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری:

هەرچەندە هاوپەیمانی بەر لە ٩/٣٠ بەفەرمی رایگەیاندبوو بایکۆتی هەڵبژاردنەکە دەکات و بەشداری ناکات، بەڵام چەند کاندیدێك پەیوەستی بڕیاری حزبەکەیان نەبوون و بانگەشەیان بۆخۆیان کرد و چوونە ناو هەڵبژاردنەوە.

---

(١) https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=127550

(٢) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7008&MapID=1

نارەزایی لە شێوازی بەڕێوەچوونی هەلبژاردنەکە کاندیدەکانی هاوپەیمانیشی گرتەوە، لەم بارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد کاندیدی هاوپەیمانی وتی: لە راگەیاندنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی ٣٠ ی ئەیلول, هاوپەیمانی هەشت هەزارو ٣٠١ دەنگی بەدەستهێنابوو، کە ئەوەش کورسیەکی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەڵام لە راگەیاندنی ئەنجامی فەرمیدا دەنگ و کورسیەکەی هاوپەیمانی دراوە بە لایەنێکی تر. (١)

هەروەها کاندیدێکی تری هاوپەیمانی بۆ پەرلەمانی کوردستان بە ناوی ئومێد حمەرشید محمد جاف بە نوێنەرایەتی کاندیدان و هاودیدانی حزبەکەی لە دادگای هەولێر سکاڵای یاسایی لەسەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم تۆمارکرد.

ئومێد حمەرشید رایگەیاند: "کۆمسیۆن نەیتوانی لەکاتی خۆیدا ئەنجامە بەراییەکان ئاشکرابکات، کە پێویست بوو لەماوەی (٧٢) کاتژمێر ئاشکرابکردایە و هەروەها لەدوای تێپەربوونی (٩٦) کاتژمێر کۆمسیۆن تەنها رێژەی (٨٥٪) ئەنجامە سەرەتایەکانی بەفەرمی راگەیاندو و دواتر ئامادەنەبووە (١٥٪) بە فەرمی رابگەیەنێت و هەروەها ئاشکرا نەکردنی ئەنجامە بەراییەکان بەرێژەی (١٠٠٪) ئەو راستیەی سەلماند کە داتاکانی کۆمسیۆن داتایەکی حەقیقی نیە و یارمەتیدەربووە بۆ یاریکردن بە ئەنجامەکان".

ئومێد حمەرشید ئاماژەی بەوەشداوە "دەنگەکانی هاوپەیمانی سوتێنراوە و ئەوەش لەگەڵ ئەحکامی ماددەکانی (١٢ + ٢٠ + ٣٨/یەکەم) لە دەستوری هەمیشەیی عێراق، وە بریاری دادگای فیدراڵی ژمارە (٩٩، ١٠٤، ١٠٦/اتحادیە/ اعلام/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/٦/٢١) رەدی ئەم کارەی کردوە، وە بریاری ئەو دادگایە ملزمە بۆ هەموولایەك پێویستە پابەندی بن کۆمسیۆن، بەپێی مادده (٩٤: بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی یەکلاکەرەوەیەو دەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن)".

لە خاڵێکی دیکەدا ئەو کاندیدەی هاوپەیمانی وتوشیەتی "دەنگەکانی لیستی (١٧٢)ی هاوپەیمانی دیارنەماوە و ژمارە دەنگەکانی لیستی (١٧٢) بەپێی ئەنجامە بەراییە راگەیاندراوەکان بە رێژەی (٨٥٪) لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، (٦٨٨٦) دەنگ بووە و هەروەها بەپێی ئەنجامە بەراییە نا فەرمیەکان کە لە کۆمسیۆن بڵاوکراوەتەوە، بەرێژەی (١٠٠٪) دەنگەکانی لیستی (١٧٢) گەیشتە (٨١٠١) دەنگ و دابەزینێکی بەرچاوی (٥١١٨) دەنگ لە کۆی (٨١٠١) دەنگ". کاندیەکەی هاوپەیمانی باسی لەوەشکردوە بەبەراوردکردن لە نێوان دەنگی راگەیەندراوی سەرجەم لیستە بەشدارەکان بەرێژەی (٨٥٪) لەگەڵ ئەنجامی کۆتاییەکانیان بەرێژەی (١٠٠٪) لەلایەن کۆمسیۆن، دەردەکەوێت بەتەنها لیستی (١٧٢) دەنگەکانی کراوە بە ئامانج و تەنها دەنگی ئەو ٣٩٠٣ دەنگ کەمی کردوە. (٢)

### ١١-بەرەی تورکمانی:

ئایدن مەعروف، سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە هەولێر راگەیاند، لەهەڵبژاردنی گشتی لەیەکێك لەبنکەکان لەبری چەندین کەس دەنگ دراوە بێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربن. وتیشی، لەهەڵبژاردنی تایبەتدا، لایەنێك پشتیوانی کاندیدێکی تورکمانی کردووە تاوەکو دەربچێت و دەستیان خستۆتە نێو کاروباری تورکمانەکانەوە، ئەوەش جێگای نیگەرانی

(١) https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=8628&fbclid=IwAR2V3gm0NCnyRbTo6aBG2YGdEcJD1SjFgaBAcnpHk9QrcEG-2rBHbvmlqG0

(٢) https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=128793

ئێمەو لایەنە کوردییەکانی دیکەیە. ئاماژەی بەوەشکرد، نیگەرانن لەئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ناڕەزایەتی خۆیان هەیە. باسی لەوەشکرد، بەهۆی ئەوەی نوێنەریان نیە لەکۆمیسیۆن ئاگاداری کاروبارەکانی کۆمیسیۆن نین. (١)

## دووەم: چاودێرانی نێودەوڵەتی:

یان کوبیش نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق بە ڕۆژنامەنوسانی رایگەیاند ئێمە چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین و گرنگە خەڵك بەشداری پرۆسەکە بکەن. تکام ئەوەیە خەڵك دەنگی خۆیان بدەن و پێویستە پەرلەمانێکی بەهێز هەبێت و پێمخۆشە خەڵك بەگەرم وگوڕییەوە بەشداری دەنگدان دەکەن. هیوامان وایە ئەنجامەکان شەفاف بن و شکۆی خەڵك بپارێزرێت. ئەوەشی خستەروو،"ئێمە چاودێری پرۆسەکە دەکەین و لە چەندین شوێن چاودێرمان هەیە".

تیمێکی سویدی کە پێکهاتبوو لە (ئانیکا لیمیتس و جەبار ئەمین) وەك چاودێری نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ڕایادگەیاند، ئەم هەڵبژاردنە لە ناوەڕۆکدا پڕبووە لە دژە دیموکراسی و نا عەدالەتی، پێشێلکارییمان بینیوە لە پرۆسەکەدا، هەروەك هەندێك گلەیی و ڕەخنەشمان لە ڕێکخراوەکان و نوێنەری قەوارەکانەوە بەرچاوکەوتووە. ئاماژەیان بەوەش کرد، هەندێك لە دەنگدەران لە شوێنی بالآترەوە راسپێردراون، بۆ نمونە وێنەی دەنگەکەی خۆی بگرێت کە ئەمە کارێکی نایاساییە. ئەوەشی خستەڕوو، ئەو پێشێلکارییانەش دەگەیەننە ئەو ڕێکخراوەی کە نوێنەرایەتی دەکەن و بۆ رای گشتیی بلاودەکەنەوە. (٢)

ئاماژەیان بەوەشکرد تۆماری دەنگدەران ڕەخنەیەکی زۆری لەسەر بووە، کە ناوی دووبارە و مردوو و تەنانەت خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری دەرەوەی هەرێمیشی تێدا بووە. ڕوونیکردەوە حزبی سیاسی هەبووە کاری کردووە لەسەر دروستکردنی بەڵگەنامەی ساختە و ئەوان بە چاوی خۆیان لە چەند بنکەیەك بینیوویانە کە کارمەندانی کۆمیسۆن ڕێگرییانکردووە لە دەنگدانی کەسانێك کە بەڵگەنامەی ساختەیان پێبووە، جگە لەوەش لە چەندین شوێن پێشێلکاری و فشار ولێدان هەبووە و ئەو پرۆسەیە، ئەو پرۆسە دیموکراسییە نەبووە کە باس دەکرێت. (٣)

نوێنەری ڕێکخراوی فردریچ ئیبێرتی ئەڵمانی کە چاودێری هەڵبژاردنەکان بوو رایگەیاند کە ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لەو هەڵبژاردنەدا کەم بووەو جێگەی چاوەڕوانی و پێشبینی ئەو چاودێرە بیانیانە نەبووە کە چاودێری پرۆسەکەیان کردووە، هەروەها وتیشی هەندێ تێبینیشمان لەسەر پرۆسەکە هەیە. (٤)

(تر) https://www.rachlaken.com/Default.aspx?page=Article&id=20922&l=3
(ير) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6848&MapID=1
(سم) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7002&MapID=1
(ثم) https://www.dwarozh.net/details.aspx?jimare=83752

**سێیەم: ڕێکخراوە ناوخۆییەکان:**

تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردن ڕایگەیاند، لەکاتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکەدا لەلایەن بەشێك لە بریکاری لایەنەکان و ئاسایش و موختارەکانەوە فشار خراوەتە سەر کارمەندانی کۆمسیۆن بۆ ئەوەی بەبەڵگەنامەی ساختەوە هەندێ کەس زیاتر لە جارێك دەنگ بدەن.[1] هۆگر چەتۆ بەرپرسی تۆڕی شەمس شەش کەموکوڕی هەڵبژاردنی خستەڕوو، کە بریتیبوون لە:

١-جێبەجێنەکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن لەلایەن بەشێك لە فەرمانبەرانی کۆمسیۆن، بەهۆی لایەنداریی سیاسی یان نەبوونی شارەزایی.

٢-شکاندنی نهێنی دەنگدان و بوونی دیاردەی دەنگدانی بەکۆمەڵ و وێنەگرتنی پسولەی دەنگدان.

٣-دروستکردنی فشار لەلایەن بەشێك لە بریکاری لایەنەکان و ئاسایش و موختارەکان بۆسەر کارمەندانی کۆمسیۆن، بۆ ئەوەی لە ڕێکارەکان لابدەن، وەکو دەنگدانی دووبارە و دەنگدان بە بەڵگەنامەی ساختە.

٤-بەردەوامی هەڵمەتی بانگەشە لە ناوە و دەرەوەی بنکەکان.

٥-بێبەشبوونی چەندین دەنگدەر لە دەنگدان بەهۆی گۆڕینی بنکەکانیان یاخود نەهاتنەوەی ناوەکانیان و تەمەنیان (دەنگدەی سەرو ٩٠ ساڵ، ناوەکەی سڕکرابوو).

٦-دوورخستنەوەی بەشێك لە بریکاری لایەنەکان بەتایبەت لە قۆناغی دەنگدان و جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگدەکان، لەگەڵ ڕێگری لە وێنەگرتنی فۆڕمی ژمارە ٥٣ ی تایبەت بەئەنجامی وێستگەکان.[2]

لە ڕاگەیەندراێکدا چاودێرانی تۆڕی شەمس لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین ئاشکرایان کردووە کە تاوەکو کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆی ڕێژەی دەنگدەرانی گشتیی لەو سنورانەدا ٤٠٪ی تێپەڕاندووە.

جگە لەمە چاودێرانی ئینستتیۆتی پەی لە بنکەکانی دەنگداندا کە چاودێریمان کردووە لە نزیکەوە پێشێلکاری و کارە نایاساییەکانمان بینیوەو تۆمارمان کردووە، هەروەك لەم ڕاپۆرتەدا خستومانەتە ڕوو.

(١) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7001&MapID=1
(٢) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6992&MapID=1

## چوارەم: کۆمسیاران و کارمەندانی کۆمسیۆن:

بەرپرسانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم دەڵێن سکاڵای زۆر لەسەر پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن تۆمارکراون و لیژنەی تایبەتیان پێکهێناوە بۆ یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکان لە زوترین کاتدا.

ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی ئاشکرای کردوە دوو رۆژ پێش هەڵبژاردن زانیارییان پێگەیشتوە کە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار رەگەزنامەی عێراقی بەتاڵ چاپکراون و بریار بوە لە رۆژی دەنگداندا ساختەکارییان پێبکرێت. ئەندامەکەی کۆمیسیۆنەوە وتی: "خەڵك لە کەرکوك و دەوروبەری هێنرابون بۆ ئەوەی بەو رەگەزنامە عێراقیانە دەنگ بدەن، رەگەزنامەکانیش بەسەر سلێمانی و کەلار و کفری و کۆیە و تەقتەق و چەند شوێنێکی دیکەدا دابەش کرابون".

لەم بارەیەوە هەندرێن محەمەد، سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان زانیارییەکانی پشتڕاست کردوەتەوە و رایگەیاندوە: ژمارەیەکی زۆر رەگەزنامەی عێراقیی ساختە دروستکرابون، کۆمیسیۆن ئەو بریارەی دەرکرد، تا رێگری لە ساختەکاریی بکات.[1]

هەروەها ناوبراو راشیگەیاند، تا ئێستا ٤٢٥ سکاڵا لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان تۆمارکراوە. دەشڵێت: زیاتر لە ٢٠٠ سندوقی دەنگدان قردێلەی سوری لەسەرە ئەوەش بەهۆی ئەوەی بە پێی رێنمایەکانی کۆمسیۆن دانەخراون یان سکاڵایان لەسەرە. ئەوەشی خستەڕوو، لێژنەیەك پێکهێنراوە بۆ لیکۆلینەوە لەسەر خروقات و پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن و ئەو هێرشانەی کراوەتە سەر کارمەندەکانی کۆمسیۆن لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. جەختی لەوەش کردەوە، لەسەر هێرشکردنەسەر کارمەندەکانیان و بێڕێزیکردن پێیان خۆش نابن و دەبێت ئەنجامدەرانی ئەو کارە سزا بدرێن..[2]

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند، پەیوەندییان بە کارمەندانیانەوە لە سلێمانی پچڕاوە و تەنانەت ناشزانن رێژەی بەشداری چەند بووە.[3]

شیروان زرار وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، تێبینییان لەسەر پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیە. کۆمەڵێك سکاڵا و پێشێلکاری زۆر هەیە و لێژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکان لە زووترین کاتدا. هەروەها کۆمسیۆن لیژنەیەکی لە چوار بەڕێوەبەری گشتیی پێکهێناوەو رەوانەی سلێمانی کردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر هۆکاری پچڕانی پەیوەندی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆن بەناوەندی نیشتمانیی کۆمسیۆنەوە لە هەولێرو دواکەوتنی راگەیاندنی رێژەی بەشداریکردنی دەنگدانی گشتیی لەو پارێزگایە.[4]

---

(تر) https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=9372
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=7749
(یر) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7067&MapID=1
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=7836
(سم) http://www.kurdistan24.net/so/news/c21565fc-b59b-477c-8180-56c2baa657a9
(نم) http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6981&MapID=1

شیروان زرار ڕاگەیاند، راستە کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە سەرتاسەری هەرێم "ساختەکاری" کراوە بەڵام هەموو لایەك دڵنیا دەکەنەوە بە وردبینییەوە کۆتا بڕیار لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەدەن و بەئەمانەتەوە لەگەڵ دەنگدەراندا دەمێننەوە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد، "ئامادەین بەخوێنی خۆمان پارێزگاری لە دەنگی دەنگدەرانی کوردستان بکەین". وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم جەختی لەوەش کردەوە، "کۆمسیۆن هیچ رێککەوتنێکی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکی سیاسیی ئەنجام نەداوە".[1]

ئیسماعیل خورماڵی بڕیاردەری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە سەرتارسەری کوردستان فشاری زۆر هەبووە بۆ سەر کارمەندانی کۆمسیۆن و بریکاری قەوارە سیاسییەکان.

ئیسماعیل خورماڵی بڕیاردەری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە بەرنامەی تاوتوێی ئێن ئاڕ تیدا ڕایگەیاند، لە سەرتاسەری کوردستان فشاری زۆر هەبووە بۆ سەر کارمەندانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و بریکاری قەوارە سیاسییەکان، بەڵام توانیویانە ڕووبەڕوویان ببنەوە و نەچنە ژێر باری هیچ فشارێکەوە. جەختیشی کردەوە، دوای گەیشتنی ئەنجامەکان راستەوخۆ لە ماڵپەڕی کۆمسیۆن ئەنجامەکەی بڵاودەکەنەوە. دەربارەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنیش ئیسماعیل خورماڵی ئاماژەی بەوە کرد، ئەو ڕێنماییانەی کۆمسیۆن بۆ دڵنیایی بووە بۆ دەنگدەران، چونکە ئەوان هەموو سەرچاوەی تەزویر و ساختەکارییەکان دەزانن و، بۆ ئەوە بووە کە تا دەتوانن ڕێگریی بکەن لە هەر کارێکی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا. داواشی لە لایەنە سیاسییەکان و ئەوانەش کرد کە خۆپیشاندانیان دەکرد، با ئەو حزب و لایەنانە بچنە بەردەم بنکەکانی دەنگدان و ڕێگە نەدەن بە ساختەکردن و سندوقەکان بپارێزن تا بە سەلامەتی دەگاتە دەستی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان. ڕوونیشیکردەوە نوێنەری لایەنە سیاسییەکان بۆیان هەیە وێنەی سەرجەم فۆڕمەکان بگرن بۆئەوەی ڕێگە نەهێڵنەوە بۆ هیچ کارێکی ساختەکاریی و ئەگەر دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان هەر گۆڕانکارییەکیان بەدیکرد لەگەڵ ئەنجامە تۆمارکراوەکانی لای خۆیان دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن.[2]

جەختی لەوەش کردەوە: لە ئاست "ساختەکاری" هیچ کەس و لایەنێك بێدەنگ نابن و هەموو رێکارێکی یاسایی بەرامبەر "ساختەکاران" دەگرنەبەر.[3]

ئیسماعیل خورماڵی بڕیاردەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە ئاست "ساختەکاری" هیچ کەس و لایەنێك بێدەنگ نابن. دڵنیایی دەدەن سەرجەم ئەو "تەزویر و ساختەکارییانەی" کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کراون، پوچەڵ دەکەنەوە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد، لە ئاست "ساختەکاری" هیچ کەس و لایەنێك بێدەنگ نابن و هەموو رێکارێکی یاسایی بەرامبەر "ساختەکاران" دەگرنەبەر.[4]

---

[1] http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7112&MapID=1

[2] http://www.nrttv.com/News.aspx?id=6952&MapID=1

[3] http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7112&MapID=1

[4] http://www.nrttv.com/News.aspx?id=7107&MapID=1

د.جووتیار عادل، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی رایگەیاند، هەشت تیمی تایبەت بۆ کردنەوە و ژماردنی دەنگی سندووقە قردێڵە سوورەکان پێکهێنراون و دەستیان بە کارەکانیان کردووە. بەگوتەی ئەو، لەماوەی ٢٤ بۆ ٤٨ کاژێری داهاتوودا ئەنجامی سندووقە قردێڵە سوورەکان دەگاتە ئەنجوومەنی کۆمیسیاران و بڕیاری کۆتاییان لەبارەوە دەدرێت. جووتیار عادل دەڵێت، لەو ٢٢٨ سندووقەی قردێڵەی سووریان لێدراوە هەر سندووقێکیان ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ دەنگیان تێدایە. گوتیشی "مەرجیش نییە دەنگی ئەو سندووقانە هەمووی بسووتێت، چونکە سندووق هەیە پەیوەندی بە سکاڵاوە هەیە و هەشە بەپێی رێکارەکانی کۆمیسیۆن تێنەپەڕیووە".[(1)]

هەروەها (دیار نەسرەدین) جێگری کۆمسیۆنی سلێمانی دەڵێت: هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان بێ غەلوغەش نەبوو و دان بەوەدادەنێت هەڵبژاردن لە ١٩٩٢ وە بێ غەلو غەش نەبووە بەهەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلولیشەوە.[(2)]

(تر) http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1410201817

(یر) https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=8005

# ئەنجام

ئەم هەڵبژاردنە راستیگەلێکی دەرخست و بەشێك لەو راستییانەش کۆنن خۆیان دووپاتکردەوە، دەتوانین لەخوارەوە باسیان لێوەبکەین:

١- پەرلەمان لە ئاستی پێویستدا نەبوو لە چاودێریکردن و لێپێچینەوەی کۆمسیۆن لەو کاتانەدا کە وەك پێویست بەئەرکەکانی خۆی هەڵنەدەستا یا پێشێلکاری یاسایی دەکرد.

٢- حکومەت لەو ئەرکانەی لەسەر شانی بوو وەك پێویست هاوکاری کۆمسیۆنی نەکردووە.

٣- کۆمسیۆن لەو ئەزمونەیدا سەرکەوتوو نەبوو چەندین بریاری دژ بەیەك و پێچەوانەی یاسای دەرکرد و نەیتوانی ئەو بریارو پەیرەوانەش وەك خۆی جێبەجێ بکات کە دەری کردبوون.

٤- زۆرینەی ئەو گرفتانەی رووبەرووی کۆمسیۆن و پرۆسەکە بوونەوە کۆمسیاران راستەوخۆ لێی بەرپرسیارن.

٥- کۆمسیارانی سەر بە سێ حزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکە (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) بەهۆی نەشارەزایی و عینادیانەوە نەك هەر سەرکەوتوو نەبوون بەپێی ئەو پەیامانەی حزبەکانیان بەرزیان کردبوویەوە، بەلکو لەرووی سیاسیەوە زۆرترین ئۆبالی ئەو ساختەکاریە دەکەوێتە ئەستۆیانەوە. چونکە زۆر هەنگاو هەبوو دەبوو بینێن نەیاننا.

٦- دادگای هەڵبژاردنەکان بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەستا و گوێی لە تانە و سکاڵای قەوارەکان نەگرت.

٧- دادگای تێهەڵچوونەوە نەیتوانی بێلایەن بێت و یاسا جێبەجێ بکات و بەبێ ئەوەی گوێ لەو هەموو سکاڵایە بگرێت ئەنجامەکانی وەك خۆی راگەیاند. ئەگەر دادگا بە یاسا کاری بکردایەو گوێی لە سکاڵاکان بگرتایە زۆرینەی ئەو کاندیدانەی دەرچوونە گۆڕانکاری بە زنجیرەکانیاندا دەهات.

٨- هەموو لایەنە سیاسیەکان بەبێ جیاوازی رایانگەیاند کە لەم هەڵبژاردنەدا ساختەکاری کراوە.

٩- رای چاودێرانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لەسەر هەڵبژاردنەکە نەرێنی بوو و زۆرینەیان باس لە بوونی ساختەکاری دەکەن.

١٠- خودی کۆمسیۆن و کۆمسیارانیش ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە ساختەکارییەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا کراوەو هەموشیان دانیان بەو راستیانەدا ناوە.

١١- کەمتەرخەمی کۆمسیۆن لە ئیشەکانیدا و ئەو فەوزاو نەشارەزاییەی کۆمسیاران دەیان هەڵەی زەقی لێکەوتەوە.

١٢- راگەیاندنی ئەنجامی بەرای هەڵبژاردن دوای (٢٠) رۆژ لە ئەنجامدانی پرۆسەکە، گەورەترین ئاماژەیە بۆ سەرنەکەوتنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و نا شەفافیەتی پرۆسەکە دەسەلمێنێ .

١٣- وێرای بوونی بەڵگە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری خەڵك لە بەرژەوەندی حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام بەشداری نەکردنی لە (41٪) ی هاوڵاتیان بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆن سەلمێنەری نەمانی متمانەیە بە رەوایی سیستەمی سیاسی لە کوردستان و نیشانەیەکی گەورەیە لەسەر هەڵبژاردن.

١٤- راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی دەنگدان بەدرەنگانی شەوی (٢٠ی ئۆکتۆبەر) نیشانەی بونی پرسیاری جدییە لەسەر ئەو ئەنجامە و هەموو ئاماژەکان دەڵێت بە ریککەوتنی سیاسی نا شەرعی ئەنجام راگەیەندراوە نەك بە ریکاری یاسایی و پاراستی شەفافیەتی هەڵبژاردن، نامەی چوار کۆمسیاریش بەڵگەن لەسەر ئەو راستیە .

١٥-پاش بڵاو بوونەوەی ئەو هـەموو بەڵگـەو ڤیدیۆیـەی هێـرش کردنـە سـەر بنکـەکانی دەنگدان لـە لایـەن چـەکداری ناسراوەوە، لاوازی کۆمیسیۆنی دەرخست و هەڵبژاردنەکە کەوتە ژێر پرسیارەوە.

١٦- داواکاری گشتی بێدەنگ بوو لەسەر ئـەو هـەموو پێشـێلکاریانەو دروسـتکردنی ئـەو ژمـارە زۆرەی رەگەزنامـەو و پێناسەی باری کەسێتیەی دروستکرابوو و لەسەر ساختەکاری هەڵبژاردن و لەسەر هێرش کردنـە سـەر بنکـەکان و لەسـەر لێـدانی فەرمانبـەری فـەرمی کۆمیسـیۆن و لەسـەر تـەواوی ئـەو ئیرهـاب و تۆقاندنـەی کـرا لـە کـاتی هەلبژاردنەکانی پەرلەمان.

١٧- کەمی رێژەی بەشداربووانی هەلبژاردن و ئەو ژمارە زۆرەی دەنگی پوچەل، ئەوە دەردەخات کە زۆرینـەی خـەڵکی کوردستان بێ ئومێد بوونە لە هەلبژاردن و دژی دەسەڵاتن.

١٨- لەکوردستاندا خەریکە دیاردەی ساختەکاری دەبێت بە نەریت و لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە تا ئێستا هەڵبـژاردن لـەدوای هەڵبژاردن ئەم کولتوری نەشیاوە برەوی پێدەدرێت.

## راسپاردەکان

١- تۆمارێکی دەنگدەران بەشێوازی بایۆمەتری ئامادە بکرێت، لە ناوی مردوو و دووبارە و ساختە پاك بکرێتەوە، کە سەرچاوەکەی کارتی نیشتیمانی بێت.

٢- هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە هەڵبژاردنەوە هەموار بکرێنەوەو ئەو کەلێنانەی تیایاندایە چارەسەر بکرێن و لەگەڵ یەکتریدا بگونجێنرێن و ئەو هاودژییەی لەنێوانیاندا هەیە نەهێڵدرێن، وەك:

-یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەڵباردنی پەرلەمانی کوردستان.

-یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ ی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق

- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

-یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق

- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٣- دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان کاری تەنها ڕێکخستن و ئامادەکردنی دۆسیەکان بێت، بڕیاردان لەسەر ئەنجامەکان و پەسەندکردنی لەلایەن تێکڕای ئەندامانی دادگای تێهەڵچونەوە بێت و ئەمەش بەیاسا ڕێکبخرێت.

٤- ڕێکخستن و دابینکردنی ئامێری ناسینەوەی دەنگدەر لەگەڵ تۆماری دەنگدەران و داتاکەی.

٥- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان یا ئەوەتا بەتەواوی سەربەخۆ بێت، یاخود بەتەواوی بکرێت بە حزبی و پشکی سەرجەم حزبەکانی تیادابێت و بەیاسا ڕێکبخرێتەوەو پاشکۆی ناوی (سەربەخۆیی) لێبکرێتەوە.

٦- لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکاندا لەسەر ئاستی یەکەی ئیداری دەنگەکان جیابکرێنەوە و رابگەیەنرێن.

# پاشکۆکان

ژمارە:٦٥ | ڕۆژ: ٢٠١٨/٠٨/١٦

## بەڕێز/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی
## بابەت / تانە لە تۆماری دەنگدەران

بەپێی برگەکانی بەشی چوارەم لەپەیرەوی ژمارە(١) ی ساڵی(٢٠١٨) کە (پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕوی تانەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان)، ڕێکخراوەکان بۆیان هەیە بەدواداچوون بکەن بۆ تۆماری دەنگدەران و لەپێناو دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەی خراونەتەڕوو، و مافی ئەوەیان هەیە چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوە و خستەڕووی تۆماری دەنگدەران بکەن. لەم پێناوەندا ئێمە وەك (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) ئەم یاداشتەتان ئاراستە دەکەین:

**یەکەم: سەرنجە گشتیەکان لەسەر کۆمسیۆن:**

١. بەنوسراوی ژمارە(٦٣ لە ٢٠١٨/٠٧/٢٢) داوامان لە کۆمسیۆن کرد وێنەیەك لە تۆمارەکەمان بە (EXEL) بخەنە بەردەست بە مەبەستی بەدواداچوون، بە داخەوە کۆمسیۆن تەنها بە (PDF) وێنەیەکی پێداین.

٢. پێویست بوو کۆمسیۆن وێنەیەك لە تۆمارەکە بە شێوەیەی (EXEL) بخاتە بەردەست سەرجەم قەوارەکان بۆ بەدواداچوون، بەڵام نەیانکرد.

٣. نەخستنە بەردەستی تۆمار بە(EXEL) چ بۆ بەردەستی قەوارەکان چ بۆ ڕێکخراوەکان گومان لەبەرامبەر ئەم تۆمارە دروست دەکات، چونکە ئاشکرایە کە بەدواداچوون بۆ تۆمارێك کە(2.985.948) دەنگدەری تیابێت بۆ بەراوردی (ناو، ژمارەی کۆبۆن، ژمارەی دەنگدەر، ساڵی لەدایکبوون) و زانیارییەکانی تر لەسەر فایلیکی (PDF) بۆ ئەوەیە کە کاری لەسەر نەکرێت .

٤. بەپێی یاساو بەپێی ئەو بەڵێنانەش کە چ بە نوسراو و چ لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا کۆمسیۆن بەڵێنی بە پەرلەمان و پەرلەمانتاران دابوو کە وێنەیەك لە تۆمارەکە بە (CD) بخاتە بەردەستیان بەمەبەستی بەدواداچوون، بەڵام تا ئێستاش کۆمسیۆن ئەم تۆمارەی بۆ پەرلەمان نەناردووەو پەرلەمانتاران بەدەستیان نەگەیشتووە !

**دووەم: سەرەنجەکان لەسەر تۆمارەکە :**

کۆمسیۆن پروپاگەندەی ئەوە دەکات گوایە تۆمارەکەی پاك کردۆتەوە و تۆمارێکی تازەی بەپشت بەستن بەفۆرمی خۆراك دروست کردووە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی ئێمە تۆمارەکە پاك نەکراوەتەوە، بەپێی ئەم بەڵگانە :

١. ئێمە وەك ئینستتیوتی پەی لە (٢٠١٨/٠١/٠٧) راپۆرتێكی تایبەتمان لەسەر تۆماری دەنگدەران بڵاوكۆتەوە و پێشكەشی كۆمسیۆنیشمان كرد، بەپێی راپۆرتەكە نزیكەی (٩٠٠.٠٠٠)هەزار ناوی (دووبارە، مردوو، ساختە، و گوماناوی) لەتۆمارەكە هەبوو، ئەوەبوو كۆمسیۆن وازی لەم تۆمارە هێناو تۆمارێكی تازەی هێناوەتە كایەوە . كۆمسیۆن رایگەیاند كە (٢٠٨،٠٠٠) هەزار ناویان لەو تۆمارە سڕیوەتەوە، بەبێ ئەوەی روونی بكەنەوە كە ئەو ناوانەی سڕیویانەتەوە كێن و چین و هۆكاری سڕینەوەیان چییە !

٢. بەپێی راپۆرتەكەی ئینستتیوتی پەی كە پشتی بەبەڵگە و داتاكانی خودی هەردوو كۆمسیۆن عێراق و هەرێم بەستبوو، ئەو تۆمارە هەرێم كاری پێ دەكرد (٢٧٥٤٢٣) دووسەد و حەفتاو پێنج هەزار و چوارسەد و بیست و سێ دەنگدەری كەمتر بوو لەو تۆمارەی كە عیراق كاری پێدەكرد، ئەمە لەكاتێكدا سەرچاوەی هەردوو تۆماریش كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق بوو، بەبێ ئەوەی كەس بزانێت ئەو ناوە زیادانە چین. هەرچەندە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت داتاو ژمارەی جیاجیا لەلایەن كۆمسیۆنەوە بڵاو دەكرێنەوەو داتایەكی جێگیر نیە كە بەتەواوی متمانەی لەسەر بكرێت، بەڵام ئێمە بەپێی بەدواداچوون و ئەو داتایانەی لەكۆمسیۆنمان وەرگرتووە ئەم خشتەی خوارەوەمان ئامادەكرد كە رێژەی جیاوازیەكانمان بۆ دەردەخات، داواكارین كۆمسیۆن رونكردنەوەمان پێ بدات.

خشتەی بەراوردی تۆمارە كۆنەكەی هەرێم لەگەڵ تۆمارەكەی عیراقدا ٢٠١٧

| پارێزگا | داتای بایۆمەتری عێراق | داتای كۆمسیۆنی كوردستان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| سلێمانی و هەلەبجە | 1.241.954 | 1.343.521 | 101.567 |
| هەولێر | 1.041.837 | 1.147.123 | 105.286 |
| دهۆك | 688.127 | 756.697 | 68.570 |
| كۆی گشتی | 2.971.918 | 3.247.341 | 275.423 |

خشتەی بەراوردی تۆمارە تازەكەی هەرێم (٢٠١٨) لەگەڵ داتای بایۆمەتری عیراقدا (٢٠١٧)

| پارێزگا | داتای بایۆمەتری عێراق ٢٠١٧ | داتای كۆمسیۆنی كوردستان ٢٠١٧ | داتای كۆمسیۆنی كوردستان ٢٠١٨ | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی و هەلەبجە | 1.241.954 | 1.343.521 | 1.285.834 | +43.880 |
| هەولێر | 1.041.837 | 1.147.123 | 1.101.785 | +59.948 |
| دهۆك | 688.127 | 756.697 | 534.253 | _153.874 |
| دەنگدەری سەروی ٩٠ ساڵ | – | – | 24.335 | 24.335 |
| دەنگدەری بێ بنكە | – | – | 7.541 | 7.541 |
| دەنگدەری سڕكراوی لێكچوو | – | – | 32.200 | 32.200 |
| كۆی گشتی | 2.971.918 | 3.247.341 | 2.985.948 | +14.030 |

٣. بەپێی داتاکان وەزارەتی تەندرووستی (٢١٨٩٥٦) لەو ماوەیەدا (٢٠٠١–٢٠١٧) مروودن، ئەمە جگە لە مردوانی ساڵانی (١٩٩٦–٢٠٠١) ناوەکانیان دەست نەکەوتوون و لەو ژمارەیەدا نیە بەڵام کۆمسیۆن بەپێی راگەیاندنی خۆی نزیکەی تەنها (١٤٠٠) هەزارو چوارسەد ناوی مردووی سڕیوەتەوە !

**ژمارەی مردوان بەپێ ی پارێزگا لە ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠١٧**

| ساڵ | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 2001 | 2265 | 1198 | 5231 | 8694 |
| 2002 | 2240 | 1297 | 5987 | 9524 |
| 2003 | 2500 | 2500 | 6730 | 11730 |
| 2004 | 3069 | 2987 | 6023 | 12079 |
| 2005 | 2820 | 2541 | 6432 | 11793 |
| 2006 | 3082 | 3510 | 6480 | 13072 |
| 2007 | 3365 | 3211 | 7057 | 13633 |
| 2008 | 3275 | 4957 | 6898 | 15130 |
| 2009 | 3495 | 5972 | 7084 | 16551 |
| 2010 | 4333 | 5359 | 7040 | 16732 |
| 2011 | 4997 | 6706 | 8275 | 19978 |
| 2012 | 8077 | 7037 | 8671 | 23785 |
| 2013 | 3283 | 1260 | 1341 | 5884 |
| 2014 | 4105 | 1678 | 2900 | 8683 |
| 2015 | 3450 | 4463 | 925 | 8838 |
| 2016 | 5725 | 6135 | 4674 | 16534 |
| 2017 | 2861 | 1785 | 1670 | 6316 |
| کۆی گشتی | 62.942 | 62.596 | 93.409 | 218.956 |

٤. ئەو کەسانەی دانیشتووی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بوون و پێشتر لە هەرێم نیشتەجێ بوون بەڵام دواتر لەئەنجامی رێکارەکانی مادەی (١٤٠) گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان وەك پارێزگاکانی (کەرکوك، موسڵ، سەلاحەدین، دیالە و قەزای مەخمور) سەرباری ئەوەی ناویان لە تۆماری ناوچەکانی خۆیان هەیە لە تۆماری هەرێمی کوردستانیشدا ناویان هەر ماوەو نەسراوەتەوە کە ئەمانەش بەسەدان هەزار مەزەندە دەکرێن.

٥. ژمارەیەك لە کوردانی باکور (تورکیا) و رۆژئاوا (سوریا) و رۆژهەڵات (ئێران) فۆرمی خۆراکیان بۆ دروستکراوە، ئەوانەی لەهەرێمدا نیشتەجێن و بەپێی یاسا رەگەزنامەیان وەرگرتووە ئاساییە، بەڵام بەشێکیان بەساختە ناسنامەی باری شارستانیان بۆ دروستکراوەو (تعداد الفرعی)یان بۆ کراوەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆماری دەنگدەرانەوە کە لەراستیدا مافی دەنگدانیان نیە.

٦. ناوی دووبارەی ناوخۆ و گوماناوی لە تۆمارەکەدا نەسراوەتەوە. کاتێك وردبینی لە تۆمارەکە دەکرێت ژمارەیەکی زۆر ناوی دووبارەی تیایە، هەرچەندە کۆمسیۆن پێی وایە ئەم ناوانە لەیەکچوون نەك دووبارە، بەڵام لەراستیدا ناوەکان بەهەموو پێوەرەکانی (ناوی سیانی، ساڵ و شوێنی لەدایکبوون، کۆدی پارێزگاو کۆدی دەنگدانیشەوە) وەکو یەکن.

٧. تا ئێستاش تۆماری دەنگدەرانی تایبەت، کە نیزکەی (١٨٤،٠٠٠) هەزار کەسە رێکنەخراوە و لەتۆمارە گشتیەکە جیانەکراوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو بەشێك لەوانە دووجار دەنگیانداوە، هەم لەکاتی دەنگدانی تایبەت و هەم لەکاتی دەنگدانی گشتی دا .

٨. لە بەشی دووەمی پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ ی (پەیڕەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق)دا لە برگەی (٣)ی لێهاتوویی دەنگدەردا هاتووە: دەنگدەر دەبێ (**تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت لەڕۆژی دەنگداندا**)، واتە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان تا مێژووی ٢٠٠٠/٩/٣٠ دەتوانن دەنگ بدەن، بەڵام لەو تۆمارەدا سەرجەم لەدایکبووانی ساڵی (٢٠٠٠) داخل کراون و بۆ هەمووشیان رۆژی لەدایکبونیان (٢٠٠٠) دانراوە، ئەمە لەکاتێکدا دوورە لە راستیەوە ! مەبەستیش لەوەیە کە ئەوانەی لە مانگەکانی (١٠-١١-١٢ ی ساڵی ٢٠٠٠) لەدایکبون بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان تەمەنیان نەگەیشتۆتە ١٨ ساڵ و ناکرێ ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا بێت و بەشداری دەنگدان بکەن.

٩. لەو تۆمارەدا پشت بە فۆرمی خۆراك بەستراوە، ئەمە لەکاتێکدا چەندین خێزان لە فۆرمێك زیاتریان هەیە.

١٠. ناوی تێکەڵ و پێکەڵ لە تۆمارەکەدا هەیە، فۆرمی خۆراك هەیە ناوی وەهمی چۆتە سەر بەبێ ئەوەی ئەو ناوانە لەو خێزانەدا بونیان هەبێت.

لەبەر ئەم خاڵانەی سەرەوە پێمان وایە ئەم تۆمارە پاکنەکراوەتەوە و گومانی دەنگدەران و قەوارەکان و رێکخراوەکان نارەوێنێتەوە . تاکە رێگەش بۆ رەواندنەوەی گومان و بەدواداچوون و دڵنیابوونمان پێدانی تۆمارەکەیە بە شێوەی (EXEL).

لەگەڵ رێزدا

PAY INSTITUTE
For Education & Development

**د.سەروەر عبدالرحمن عمر**
**سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠١٨/٠٨/١٦**

----------------------------------------------------------------------------------------------------------------
ناونیشان:سلێمانی-شەقامی سالم-کوردستان مۆل، شوقەی ١٢-ئیمەیل payinstitute@gmail.com - sarwary74@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦- ٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣ -http://payied.org/- https://www.facebook.com/payinstitute/

هەرێمی کوردستان-عێراق
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی
ئەنجومەنی کۆمسیاران

اقليم كوردستان العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء
مجلس المفوضين

Kurdistan Region - Iraq
The Independent High Elections and Referendum Commission
Board of Commissioners

## بریار
## سکاڵاو تانەی رێکخراوی ناوخۆی ئەنیستتوی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان

پاڵپشت بە برگەی (٤) لە ماددەی (٦) وە برگەی (٢) ی مادەەی (٩) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی ژمارە (٤) سالی ٢٠١٤ و مادەی ٣١ لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) سالی ١٩٩٢ هەموار کراو ئەنجومەنی کۆمسیاران دەسەلاتی چارەسەرکردن و یەکلایکردنەوەی ئەو سکالاو ناکۆییانەی هەیە کە لە ئەنجامی خۆ ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی هەلبژاردن و راپرسیە گشتیەکان دێنە ئاراوە)، ئەنجومەنی کۆمسیاران سەیری گشت ئەو سکالایانەی کرد کە پێشکەش کرابوون لە تۆماری دەنگدەران لە ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە رێکەوتی (١١/٧/ ٢١٠٨ ) تا (١٨/٨/٢٠١٨) سکالایەکە لە لایەن رێکخراوی نیوەخۆی (ئەنیستتوی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان ) ئەنجومەنی کۆمسیاران لە رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٩/٨/٢٠١٨ سکالایەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەی یەکلایی کردەوە :

ئەو سکالایەی کە ئەم رێکخراوە پێشکەشی کۆمسیونی کردووە رەت دەکرێتەوە بەهۆی ئەوەی کە مافی تانەدانی نیە لە تۆماری دەنگدەران بەپێی پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنە رووی تانەکان ژمارە (١) سالی ٢٠١٨ کە لە خالی (٣) لە بەشی پێنجەمی پەیرەوەکە کە باسی تانەدان لە تۆماری دەنگدەران دەکات تێدا هاتووە (دەنگدەران و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان بۆیان هەیە تانەی نووسراو پێشکەش بکەن بەگوێرەی ئەو فۆرمەی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە ........) ، بۆیە چاودیرانی ناوخۆیی و نیودەولەتی تەنها مافی ئەوەیان هەیە کە چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوە و خستنە رووی تۆماری دەنگدەران بکەن بەپێی خالی (٣) لە بەشی چوارەمی پەیرەوی ئامادەکرن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران هاتووە کە (چاودیرانی ناوخۆیی و نیودەولەتی و راگەیاندکاران و بریکارە قەوارە سیاسیەکان مافی ئەوەیان هەیە چاودێری پرۆسەی نویکردنەوە و خستنە رووی تۆماری دەنگدەران بکەن ) .

ئەنجوومەنی کۆمسیاران
٢٩/ ٨/ ٢٠١٨

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینیستتوتی پەی
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ژمارە: ٦٨

رۆژ: ٢٠١٨/٩/٣

**بەڕێز/ دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان**

**بابەت/ تانەدان لە بڕیاری ئە نجومەنی کۆمسیاران لە کۆبوونەوەی رۆژی چوارشەمە ٢٠١٨/٨/٢٩**

**لایەنی تانە لێدەر/ ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**لایەنی تانە لێدراو/ ئە نجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی**

**بڕیاری تانە لێدراو/ بڕیاری سکالاو تانەی ڕێکخراوی ناوخۆی ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٨/٨/٢٩**

پاش سلاو و ڕێز...

لە وەلامی یاداشتی تانەو سکالای ڕێکخراوەکەمان کە بە ژمارە (٦٥) لە ٢٠١٨/٨/١٦ ئاراستەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیمان کردبوو، سەبارەت بە خراپی و ناپوختی تۆماری دەنگدەران، کە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر ناوی مردوو و دووبارەو ساختە و گوماناوی تیایەو پاك نەکراوەتەوە، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٨/٨/٢٩ ئەنجومەنی کۆمسیاران بە بڕیارێك تانەکەمانی ڕەت کردەوە بە بیانوی ئەوەی کە ئێمە وەك ڕێکخراو بۆمان نیە تانە لە تۆمارەکە بدەین، ئەمە لە کاتێکدا:

١-خودی کۆمسیۆن لە رۆژی (٢٠١٨/٧/١٨) بەفەرمی بانگهێشتی ڕێکخراوەکانی کردبوو کە ئێمەش یەکێك لەو ڕێکخراوانە بووین، لە رۆژی (٢٠١٨/٧/٢٢) لەبارەگای کۆمسیۆن کۆبووینەوەو خودی کۆمسیاران داوایان لێکردین کە هاوکارییان بکەین لە پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

٢-بە نوسراوی فەرمی ڕێکخراوەکەمان لە (٢٠١٨/٧/٢٠) داوای تۆمارەکەمان لە کۆمسیۆن کردووە بە شێوازی (EXEL) تاکو هاوکاریان بین بۆ پاك کردنەوەی ، بەلام کۆمسیۆن ئامادە نەبوو بە (EXEL) نە بە ئێمەو نە بە هیچ ڕێکخراو و قەوارەیەکیشی بدات و دواتر بە (PDF) وێنەیەکیان پێداین بۆ هەمان مەبەست.

٣-خۆ ئەگەر ئێمە وەك ڕێکخراو (وەك کۆمسیۆن دەیلێت) بۆشمان نەبێت تانە لەو تۆمارە بدەین بە فەرمی، بەلام ئەو راستیانەی ئێمە بەبەلگەوە خستومانەتە روو، تا چەند کۆمسیۆن کاری لەسەر کردووە؟ بۆ ئەوەی تۆمارەکە پاك بکاتەوە.

ناونیشان:سلێمانی-شەقامی سالم-کوردستان مۆڵ، شوقەی ١٢-ئیمەیل sarwary74@yahoo.com - payinstitute@gmail.com
٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦ - ٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣ - http://payied.org/- https://www.facebook.com/payinstitute/

## سەرنجە گشتیەکان لەسەر تۆماری دەنگدەران:

کۆمسیۆن پروپاگەندەی ئەوە دەکات گوایە تۆمارەکەی پاك کردۆتەوە و تۆمارێکی تازەی بەپشت بەستن بەفۆرمی خۆراك دروست کردووە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی ئێمە تۆمارەکە پاك نەکراوەتەوە، بەپێی ئەم بەڵگانە:

١-لە تۆماری دەنگدەراندا ناوی کوردانی رۆژئاوا (سوریا) کە فۆرمی خۆراکیان هەیەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆمارەکەوە، نەسڕاونەتەوە، ئەمانە چەند نمونەیەکن:

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی

ژمارەی فۆرمی خۆراك: ژمارەی فۆرمی خۆراک بنووسە
پارێزگا: پارێزگا هەڵبژێرە...
ساڵی لەدایکبوون: ساڵی لەدایکبوون بنووسە
ناو: ناوی خۆت بنووسە
ناوی باوک: ناوی باوکت بنووسە
ناوی باپیر: ناوی باپیرت بنووسە

گەڕان

بۆ دۆزینەوەی ناونیشانی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.
لەخوارەوە کلیک لە ناوی پارێزگاکەت بکە.

هەولێر | دهۆک | سلێمانی | هەڵەبجە

ووشەیەک بنووسە بۆ گەڕان لەناو ئەم داتایانەی خوارەوە

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50952853 | 4207063 | شيخة شكري ابراهيم | 1954 | هةولير | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50952854 | 4207063 | شفان يونس الدواد | 1986 | هةولير | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50952855 | 4207063 | دلوفان مراد الداود | 1981 | هةولير | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51359998 | 4203252 | محمد بوزان مصطفى | 1982 | هةولير | 122001 | اعدادية بيجان للبنين | شاويس بيرزين |
| 51359999 | 4203252 | عيدة مصطفى محمود | 1989 | هةولير | 122001 | اعدادية بيجان للبنين | شاويس بيرزين |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50900334 | 1303251 | وهاب احمد يوسفي | 1968 | هةولير | 121302 | منوسطة ئاشتي المختلطة | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50952856 | 4207064 | دلبرين يونس الداود | 1981 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50952857 | 4207064 | ستير عيسى محمد | 1988 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954418 | 4207068 | سفوك سينو وليكا | 1960 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954419 | 4207068 | رقية سليمان اسماعيل | 1974 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954442 | 4207071 | فهد عيسى برو | 1965 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954443 | 4207071 | جليلة يونس الداود | 1965 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954444 | 4207071 | جيان فهد عيسى | 1995 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954445 | 4207071 | محمد فهد عيسى | 1997 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954446 | 4207071 | هيفين فهد عيسى | 1999 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954448 | 4207072 | اكرم شيخموسى محو | 1978 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954449 | 4207072 | فيان فهد برو | 1991 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954466 | 4207073 | بدران مجيد حسين | 1971 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954467 | 4207073 | ستير يونس الداود | 1974 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954468 | 4207073 | الماظ بدران مجيد | 1998 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954469 | 4207073 | جوان بدران مجيد | 2000 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954769 | 4211404 | لورفان قهرمان وليكا | 1988 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954770 | 4211404 | غدير محمود صوان | 1988 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954771 | 4211404 | سالار قهرمان وليكا | 1997 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954772 | 4211405 | محمد احمد علي | 1988 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954773 | 4211405 | رونية عبدالرحمن شلال | 1986 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954456 | 4207074 | جلال حجي ابراهيم | 1971 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954457 | 4207074 | زليخة محمد خانحيد | 1973 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954458 | 4207074 | سوار جلال حجي | 1993 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954459 | 4207074 | هفال جلال حجي | 1990 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954460 | 4207074 | روزا جلال حجي | 1993 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954461 | 4207074 | ريناس جلال حجي | 1999 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954465 | 4207074 | حجي جلال حجي | 1998 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954775 | 4211406 | ادريس خليل هسام | 1987 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954776 | 4211406 | بيريفان عبدالله يوسف | 1988 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954781 | 4211408 | مروان محمد مسى | 1981 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954782 | 4211408 | نيروز مامد احمد | 1981 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954787 | 4211408 | حبش محمد مسى | 1990 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50632459 | 4211409 | احمد علي عكاش | 1967 | هەولیر | 320904 | اعدادية ازادي للبنين | سيداوة(3) |
| 50632460 | 4211409 | راضية يوسف احمد | 1977 | هەولیر | 320904 | اعدادية ازادي للبنين | سيداوة(3) |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954789 | 4211410 | شاهين نوري احمد | 1983 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954790 | 4211410 | سميرة عبدالوهاب حمو | 1983 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954794 | 4211411 | جوان علي حمو | 1986 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50954795 | 4211411 | اوميد حسين حمدو | 1985 | هەولیر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51373728 | 4211421 | مهند محمد بتش | 1981 | هەولیر | 122003 | مدرسة بيمان الاساسية | شاويس بيرزين |
| 51373729 | 4211421 | نازةنين حسن اليوسف | 1985 | هەولیر | 122003 | مدرسة بيمان الاساسية | شاويس بيرزين |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954805 | 4211417 | رمضان سليمان رمضان | 1957 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50954806 | 4211417 | هدية موسى علي | 1961 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50954807 | 4211417 | محمد رمضان سليمان | 2000 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954808 | 4211418 | خالد عبدالرحمن علو | 1979 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50954809 | 4211418 | اواز محمد علي | 1987 | هەولیر | 221403 | اعدادية جمة دوبز للبنين | خبات(2) |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954816 | 4211420 | عدنان حجى حجبابراهيم | 1974 | هەولیر | 121301 | مدرسة بحركةي هاوجرخ | بحركة |
| 50954817 | 4211420 | غالية مسلم حاجابراهيم | 1975 | هەولیر | 121301 | مدرسة بحركةي هاوجرخ | بحركة |
| 50954819 | 4211420 | فلك عدنان حجى | 2000 | هەولیر | 121301 | مدرسة بحركةي هاوجرخ | بحركة |
| 50954820 | 4211420 | محمد عدنان حجى | 1998 | هەولیر | 121301 | مدرسة بحركةي هاوجرخ | بحركة |
| 50954825 | 4211420 | ملك عدنان حجى | 1999 | هەولیر | 121301 | مدرسة بحركةي هاوجرخ | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50954762 | 4211423 | رعد عيسى محمد | 1975 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50954763 | 4211423 | شريفة محمد موسى | 1977 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50954764 | 4211423 | روبين رعد عيسى | 2000 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50955755 | 4215163 | فاضل حمو محى | 1971 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50955756 | 4215163 | مدينة مصطفى حمى | 1978 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50955757 | 4215163 | برفين فاضل حمو | 1997 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50955758 | 4215163 | محمد فاضل حمو | 1999 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50955759 | 4215163 | عدلة فاضل حمو | 2000 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایک بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50955720 | 4215166 | حسين حسن اليوسف | 1983 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |
| 50955721 | 4215166 | جفين شاهين العمر | 1990 | هەولیر | 121306 | متوسطة راوير للبنات | بحركة |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50648103 | 4215172 | وليد محمد نوربراهيم | 1968 | هەولێر | 320904 | اعدادية ازادي للبنين | سيداوة(3) |
| 50648104 | 4215172 | شيرين بركل محمد | 1977 | هەولێر | 320904 | اعدادية ازادي للبنين | سيداوة(3) |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50955690 | 4215173 | جهاد حسين الخليل | 1971 | هەولێر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50955691 | 4215173 | فلك عبدالمجيد خليل | 1977 | هەولێر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |
| 50955692 | 4215173 | محمد جهاد حسين | 1998 | هەولێر | 121306 | متوسطة راويز للبنات | بحركة |

٢- لە تۆماری دەنگدەراندا ناوی کوردانی باکور (تورکیا) کە فۆرمی خۆراکیان هەیەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆمارەکەوە، نەسڕاونەتەوە، ئەمانە چەند نمونەیەکن:

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51458570 | 2300919 | جامي فقو شمدين | 1955 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458571 | 2300919 | نديمخان فتاح علي | 1965 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458572 | 2300919 | مريم جامي فقو | 1989 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458573 | 2300919 | دلخواز جامي فقو | 1991 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458574 | 2300919 | صابر جامي فقو | 1991 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458575 | 2300919 | بارتي جامي فقو | 1993 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458576 | 2300919 | روزهات جامي فقو | 1998 | هەولێر | 122309 | مدرسة جالاك الاساسية المختلطة | حرير وباتاس |
| 51458577 | 2300919 | جيلان جامي فقو | 1999 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458578 | 2300919 | دلكش جامي فقو | 2000 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51458541 | 2300913 | اسميخان خليل عثمان | 1960 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458542 | 2300913 | شاكر فقو دلستان | 1989 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458543 | 2300913 | كول فقو دلستان | 1992 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |
| 51458544 | 2300913 | مكريم فقو دلستان | 1992 | هەولێر | 122301 | اعدادية خانزاد للبنات | حرير وباتاس |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51458549 | 2300916 | انور عمر بیشو | 1961 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458550 | 2300916 | زینب بیرو بیشو | 1964 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458551 | 2300916 | نازدار انور عمر | 2000 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51458559 | 2300918 | تەتەر بابیر شقلی | 1970 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458560 | 2300918 | مندیفة حاجي میرخان | 1976 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458561 | 2300918 | معریفة تەتەر بابیر | 1991 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458562 | 2300918 | غریبة تەتەر بابیر | 1992 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458563 | 2300918 | شكریا تەتەر بابیر | 1998 | هەولیر | 122309 | مدرسة جالاك الاساسیة المختلطة | حریر وباتاس |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51458585 | 2300921 | جمال كمال عبدالله | 1969 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458586 | 2300921 | بریزاد جلبی كوو | 1958 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458587 | 2300921 | نزلیخان جمال كمال | 1992 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458588 | 2300921 | مسعود جمال كمال | 1995 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458589 | 2300921 | بیدرنك جمال كمال | 1998 | هەولیر | 122302 | مدرسة شبول الاساسیة المختلطة | حریر وباتاس |
| 51458590 | 2300921 | ولات جمال كمال | 2000 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51458605 | 2300925 | زینب بنیامی عزیز | 1975 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
| 51458606 | 2300925 | حیدر بنیامی عزیز | 1988 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراك | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنكەی دەنگدان | ناوی بنكە | بنكەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51458633 | 2300934 | طاهر احمد احمد | 1979 | هەولیر | 122301 | اعدادیة خانزاد للبنات | حریر وباتاس |
